# Displacement and Tribes in South Kurdistan; A Social Study of the Impactes of displacement on Tribal Structure

Karwan Muhemmed Aziz[1], Murad Hakim Mohammad[2]
Soran University

*DOI: [https://doi.org/10.31918/twejer.2582.16](https://doi.org/10.31918/twejer.2582.16)*

*Published: 10/08/2025*

## *Abstract*

*The Forced displacement associated with changes in tribal social structure has played a role in reshaping the tribal social structure in South Kurdistan. This study examines the long-term consequences of Kurdish tribal changes following the displacement of villagers, while forced displacement was initially aimed at consolidating state control and suppressing Kurdish Identity They inadvertently led to significant social and economic change. The main objective of this study is to identify and analyze the Impactes of the displacement of Kurdish people between 1976 and 1990 on changes in Kurdish tribal composition. Also, this study relied on semi-structured interviews falling within the qualitative method for data collection. It also used both the theory of passing of traditional society and the theory of cultural change to analyze the results. The main results of the study showed that displacement was one of the major drivers of changes in the social structure of the tribe in South Kurdistan.*

***Keyword**: displacement, tribe, social change, modernization*

# ڕاگواستن و خێڵ لە کوردستانی باشوور؛ توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتییە لەبارەی لێکەوتەکانی ڕاگواستن لە سەر پێکهاتەی خێڵایەتی

کاروان محمد عزیز
زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب- بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی
Karwan.aziz@soc.soran.edu.iq
پ. ی. د. مراد حكيم محمەد
زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب – بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی
murad.mohammad@soran.edu.iq

**پوختە**

ڕاگواستنی زۆرەملێ و پەیوەندی بە گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێڵ، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دووبارە داڕشتنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێڵ لە باشوری کوردستان. ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ ئەنجامە درێژخایەنەکانی ئەو گۆڕانکاریانە دەکات، کە بە سەر خێڵی کوردیدا هاتوە، لە دوای ڕاگواستنی گوندنشینان، لە کاتێکدا ڕاگواستنی زۆرەملێ لە سەرەتادا ئامانجی چەسپاندنی کۆنترۆڵی دەوڵەت و سڕینەوەی ناسنامەی کورد بوو، بەڵام گۆڕانکاریەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی و ئابووری لێکەوتەوە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، دەرخستن و شیکردنەوەی لێکەوتەکانی ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ بۆ ساڵی ١٩٩٠ لە سەر گۆڕان لە پێکهاتەی خێڵی کوردیدا. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو ئەنجامدراون. هەروەها بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان هەردوو تیۆری تێپەڕبوونی کۆمەڵگەی نەریتی و تیۆری گۆڕانی کولتووری بەکارهێناوە. ئەنجامی سەرەکی توێژینەوەکە دەریخستوە: ڕاگواستن یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکان بووە بۆ گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێڵ لە باشوری کوردستان.

**کلیلە وشە: ڕاگواستن، خێڵ، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، مۆدێرنیزاسیۆن**

### دەروازە – Introdution

ڕاگواستنی زۆرەملێ و نیشتەجێکردن لە ئۆردووگاکان دیاردەیەکی مێژوویی و سیاسیە، بە تایبەتی لەو ناوچانەی بە هۆی ململانێی ئایینی و نەتەوەیی، کۆنترۆڵی دەسەڵات و گۆڕینی دیمۆگرافی، ئەنجامدراوە. لە باشوری کوردستان، سیاسەتەکانی ڕاگواستن ڕۆڵێکی چارەنوسسازیان گێڕاوە لە دووبارە داڕشتنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان، پراکتیزە کولتووریەکان، سیستەمی حوکمڕانی و چالاکیە ئابووریەکان.

لە ڕووی مێژووییەوە، کورد خێڵەکی بوون و پشتیان بە ئابووریی کشتوکاڵی دەبەست و پەیڕەویان لە نەریتە کولتووریە ڕەگداکوتاوەکان دەکرد. بەڵام سیاسەتە سەپێنراوەکانی ڕاگواستن لە لایەن دەوڵەتەوە، بە تایبەتی لە سایەی دەسەڵاتی بەعس لە عێراقدا، بە شێوەیەکی سیستماتیکی بەشێک لەو تایبەتمەندیانەی کۆمەڵگەی کوردییان گۆڕی. سەدان هەزار خێزانی کورد بە زۆرەملێ لە گوندەکانیان دوورخرانەوە و لە ئۆردووگاکانی ژێر دەسەڵاتی بەعسدا نیشتەجێکران، کە شێوازی ژیانی نەریتی تێیدا گۆڕانی گەورەی بە سەردا هات. لە کاتێکدا ئەم سیاسەتانە سەرەتا ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی خەڵکی کوردستان و دواتریش تواندنەوەیان بوو لە بۆتەی عێراقی عەرەبیدا؛ بۆ ماوەیەکی کاتی سەرکەوتوو بوو لە کۆنترۆڵکردنی خەڵکەکە، بەڵام بەدەر لەوە ئەو شوێنگۆڕکێیە کاریگەریەکانی لە ڕووی کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە درێژخایەن بوون. ڕاگواستن لە کوردستانی باشور سیاسەتێک بوو نزیکەی ٢٥ ساڵ بەردەوام بوو، سیاسەتێک بوو هاوشێوەی نەبوو، بۆیە کاریگەریە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانیشی بەپێی ساڵەکانی؛ دەرکەوتن.

ڕاگواستنی زۆرەملێ، یەکێکە لە کێشەکانی جیهان، لە سەرتاسەری جیهان زیاتر لە شەست و پێنج ملیۆن کەس بە هۆکاری جیاواز ماڵ و زەوی و زاری خۆیان جێهێشتوە، بەشێک لەو ڕاگواستنانە حکومەتەکان بە پلان و ستراتیژیەتی تایبەتییەوە ئەنجامیانداوە، خەڵکی ناوچەیەکیان ڕاگواستوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی خواستی خەڵکەکە، هەندێکجار ڕاگواستنەکان سنوورە نێودەوڵەتیەکانیان بەزاندوە، عێراقیش بەدوور نەبووە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕاگواستنی خەڵک و دواتر نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان (Betts, Kaplan & Omata, 2017). عێراق ژمارەیەکی زۆری خەڵکی خۆی ڕاگواستوە، کە کورد و ئاشووری و تورکمانەکان لەخۆدەگرێت. بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی سەرکوتکردنی خەڵک لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە ئەم ڕاگواستنانە ڕوویانداوە (Global IDP, 2002: 5).

ڕاگواستنی زۆرەملێ ئەزموونێکی قووڵ و کاریگەرە لە سەر تاک و خێزان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تەواوی کۆمەڵگەکان، کە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک ئاڵنگاری بەرچاوی کۆمەڵایەتی-ئابووری، دەروونی و کولتووری

دەهێنێت (UNHCR, 2022). ڕاگواستنی زۆرەملێ گۆڕانکاریەکی بەرچاوی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێڵ لە کوردستاندا دروستکردوە. لە مێژوودا خێڵ و هۆزە کوردەکان پێکهاتەیەکی توند و تۆڵ و گرێدراوی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێز و سیستەمی سەرکردایەتی خۆیان بوون. خۆبژێوی ئابووریان لە سەر بنەمای شوانکاری و کشتوکاڵ بووە.

بە گشتی ڕاگواستنی زۆرەملێ کۆمەڵگەی خێڵەکی کوردی پارچەپارچەکردوە و تەحەدای پێکهاتە نەریتیەکانی کردوە و پێکهاتەکانی بەرەو مۆدێرنیزاسیۆن و شارنشینی، بردوە، لەپاڵ ئەوەشدا، هەندێک توخمی ناسنامەی خێڵەکی بەردەوامبوون و ڕاگواستن نەیتوانی بە تەواوی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە لەناوببات. **لەم توێژینەوەیەدا توێژەران دەپرسن** ڕاگواستنی زۆرەملێ چۆن کاریگەری لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێڵ لە باشوری کوردستان دروستکردوە؟ یان وردتر دەتوانین بپرسین: ڕاگواستن چۆن کاریگەری لە سەر سەرکردایەتی خێڵەکی هەبووە؟ لێکەوتەکانی لە سەر پەیوەندیی خزمایەتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی خێڵ چین؟

## پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو – Literature Riview

پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو، کاریگەریەکی زۆر گرنگی هەیە لە سەر تێگەیشتن و پەرەپێدانی کارە زانستیەکانی پێشوو، چونکە ئەم پێداچوونەوەیە ڕێگەیەک دەخاتەڕوو بۆ ناسینەوە و لێکۆڵینەوە لە کارە زانستی و فکریەکانی پێشوو. لێرەدا، ڕوونکردنەوە بۆ چەند چەمکێکی سەرەکی دەکەین، لە لایەکی دیکەوە، گەڕان بە دوای هەرکارێکی زانستی دیکەی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە دەکەین و دەیانخەینەڕوو بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن لە بابەتی توێژینەوەکە.

یەکەم: ڕاگواستن بەواتای گواستنەوەی جیۆگرافی یان شوێنگۆڕینی بەزۆر دەگەیەنێت، لە ڕێگای تۆقاندن و فشار خستنەسەر و بەکارهێنانی هێز، دەبێت. ڕاگواستن لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەر زاراوەی (Deportation)ی ئینگلیزی دێت، کە لە بنەڕەتدا لە (Dehortatio)ی ڕۆمانی وەرگیراوە. جۆرێک بووە لە سزادان، کە بریتی بووە لە نەفیکردن و گواستنەوەی بۆ تاراوگە، ئەو کەسەی سزای Dehortatioی بە سەردا سەپایە مافی هاوولاتیبوونی لێ وەردەگیرایەوە. لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا (Deportation) بە واتای دەرکردنی بێگانەیەک دێت، کە هەبوونی لەگەڵ بەرژەوەندیە گشتیەکانی ولاتدا یەکناگرێتەوە، یاخود بە واتای ڕاگواستنی کەسێکی بیانی دێت دوای ئەوەی فەرمانی دەرکردنی لەو ولاتە بۆ دەدرێت، بە هۆکاری ئەوەی کەسێکی نەویستراوە. ڕاگواستن زۆر جار واتایەکی گشتگیر تر دەبەخشێت، کە نەفیکردن و گواستنەوە و

دوورخستنەوەی تاوانباران بۆ شوێنی سزادانیان دەگەیەنێت. لە هەمانکاتدا، ئینسکلۆپیدیای ئەمەریکیش لەبارەی ڕاگواستن هەمان پێناسەی هەیە (محەمەد، ٢٠٠٤: ١٩).

لە لایەکی دیکەوە، هەندێک توێژەری دیکە هەنە، چەمکی (Displacement or Expulsion)ی ئینگلیزی بەکاردەهێنن. Displacement بەواتای ڕاگواستن دێت، زاراوەیەکی گشتیە و ئاماژە بەو پرۆسەیە دەکات، کە خەڵک لە ماڵ و حاڵیان دەردەکرێن و دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی دی (Worldwide, 2018). هەروەها لە پێناسەیەکی دیکە بۆ Internal Displacement، ڕاگواستنی ناوخۆیی هاتوە، بریتییە لە پرۆسەی ڕاگواستنی کۆمەڵە خەڵکێک یان گروپێک لە ناوخۆی وڵاتێکدا، کە ناچارکراون هەڵبێن یان ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن، یان شوێنی نیشتەجێبوونیان بەجێبهێڵن، بۆئەو شوێنەی دەسەڵاتی ناچارکەر، بۆیان دەستنیشاندەکات، ئەم پرۆسەیە بە تایبەتی بە بیانووی هەبوونی جەنگ و هێزی چەکدار لە ناوچەکانیان (IOM Iraq, 2013: 11) ئەنجامدەدرێت. Deportation تەنیا بەواتای ڕاگواستنی خەڵک بۆ وڵاتێکی دیکە نایەت، بەڵکو ڕاگواستنەکە دەکرێت لە چوارچێوەی هەمان وڵاتدا بێت.

لە کوردستاندا بەعس لە هەردوو خولی گرتنەدەستی دەسەڵاتیدا، لە ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٨، ڕاگواستنی بە هەردوو واتا بەکارهێناوە (محەمەد، ٢٠٠٤: ٢٠). بە گشتی ڕاگواستن، شوێن گۆڕین یان گواستنەوەی جوگرافی بە زۆر دەگەیەنێت، لە ڕێگەی ترس و تۆقاندن، فشار خستنەسەر و بەکارهێنانی هێز، لە ئەنجامدا، گۆڕینی هەمیشەیی لە شوێنی نیشتەجێبوون و ماڵی ئاسایی لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو بۆ ناوچەیەکی دیکەی جوگرافی ڕوودەدات (ساڵح، ٢٠١٧: ٥٧).

لە دنیادا، دوو جۆر یان خود دوو شێوە لە ڕاگواستن هەیە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی گوندنشینەکان:

**یەکەمیان:** کۆکردنەوەی گوند و لادێیەکان بە مەبەستێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و شارستانی، بە واتایەکی دی لەم جۆرە ڕاگواستنە پێویستە مرۆڤەکان و زەوی بە شێوەیەک کارلێکبکەن، کە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران بە گشتی (سالح، ٢٠١٧: ٥٧). **دووەمیان**: جۆرێکی دیکەی ڕاگواستنی خەڵکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو، کە ڕژێمە داگیرکەر و کۆلۆنیالیست و داپڵۆسێنەرەکان دژی گەلانی خۆیان ئەنجامیدەدەن، واتا، کۆچپێکردنێکی ناچاری خەڵکە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بۆ شوێنێکی دیکە، کە حکومەت بۆیان دیاریدەکات دوور لە زەوی زار و پاوانەکانیان بەبێ ڕەچاوکردنی خواست و ئارەزووی خەڵکەکە (مینە، ٢٠١٢: ١٣٠). ئەم جۆرە ڕاگواستنە زیاتر لەو دەوڵەتانە ڕوودەدات، کە زیاتر لە نەتەوەیەک، ئیتنیکێک، ئایینێک یان مەزهەبێک هەبێت، دەسەڵاتدارەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان لەگەڵ ئەم گروپە نەتەوەیی و ئایینیانە پەنا بۆ ڕاگواستنی

دانیشتوان و دوورخستنەوەیان دەبەن (سالح، ٢٠١٧: ٥٧). ڕاگواستن دوو مەرجی سەرەکی هەیە: یەکەم: ڕاگواستن کردەیەکی بە کۆمەڵە، واتا ناکرێت ڕاگواستن تاکەکەسی بێت، بەڵکو پرۆسیەکی ئاڵۆزە و گرووپێک لە خەڵک لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراوە دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی جوگرافی دی. دووەم: ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەرجی یەکەمەوە هەیە، کە حکومەت لە لایەکەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بریار لە ڕاگواستنی ئەو گروپە لە خەڵکە دەدات و ناچاریاندەکات شوێنی خۆیان چۆڵبکەن. لە لایەکی دیکەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ حکومەت دەستی لە شوێن چۆڵکردنەکەدا هەیە، کە خەڵکەکە لە ترسی شەڕ و جەنگ و کوشتن شوێنی خۆیان چۆڵدەکەن و کۆچدەکەن بەرەو شوێنێکی دی بە مەبەستی پاراستنی گیانی خۆیان (محەمەد، ٢٠٠٤: ٢٣).

سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرەملێ لە عێراقدا، هەڵقوڵاوی ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی فاشستی خۆسەپێن بوو (حزبی بەعس)، بە هەزاران خەڵکی ناچارکرد شوێنەکانی خۆیان چۆڵبکەن بەرەو ئەو شوێنانە کۆچبکەن، کە بەعس بۆیان دەستنیشاندەکات (Romano, 2006: 443). ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیدا مەبەستمانە: ڕاگواستن و کۆچپێکردنی بە کۆمەڵی زۆرەملێی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانە لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراق، دواتر نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان لە چوارچێوەی سنووری باشوری کوردستان، بە دیاریکراویش ئەو ڕاگواستنانەی لە دوای ساڵی ١٩٧٦ ئەنجامدراون.

سەبارەت بە ئاماری گوندە وێرانکراوەکان و خەڵکی ڕاگوێزراو ژمارە و داتای جیاجیا لەبەردەستن، کۆمەڵێک باس و توێژینەوە و کتێب هەیە، ئاماژە بە ژمارەی جیاواز دەدەن، لەبارەی گوندە خاپوور و ڕاگوێزراوەکان لە باشوری کوردستان. حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی سیستماتیک کۆنترۆڵی زانیاریەکانی دەکرد و دەستکاری دەکردن، نەبوونی زانیاری دروستی پەیوەست بە ڕاگوێزراوەکان و وێرانکردنی ناوچەکان پلانێکی ڕاستەوخۆی حکومەتی عێراق بوو. (Fawcett & Tanner, 2002: 3). لە هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە کراوە، ڕژێمی بەعس نزیکەی (٤) هەزار گوندی وێرانکرد و زیاتر لە ملیۆنێک خەڵک ئاوارە بوون و خەڵکەکەی لە گوندەکانی کوردستانی ڕاپەراند (Thibos, 2014: 2). بەڵام کتێبی (ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا)، نوسینی (مراد حکیم محەمەد) لە ساڵی ٢٠٠٤، ئامارێکی جیاوازتر دەخاتەڕوو، کە ژمارەی گوندە وێران و ڕاگوێزراوەکانی باشوری کردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ – ١٩٩٠ بە (٤٥٦٠) گوند مەزەندە دەکات. دەبێت ئەوەش بڵێین، ڕاگواستن تەنیا لە گوندەکان ئەنجامنەدرا، بەڵکو لەو شار و ناوچانەشی دەکەونە سنووری ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراق، بەعس لەم ناوچانە خەڵکەکەی لە

بەردەم دوو ئەگەردا ڕادەگرت؛ یەکەمیان: دەرکردنی بێکۆت و مەرج و دەستگرتن بە سەر سەروەت و سامان و خانوو و زەویدا، ئەگەری دووەمیان، هەڵگرتنی ناسنامەی عەرەبی بوو یان عەرەبیبوون (مستەفا، ٢٠٠٧: ٢٣٣).
چەمکێکی دیکەی گرنگ لەم توێژینەوەیەدا ئۆردووگا زۆرەملێیەکانن، مەبەست لێیان، ئەو کۆمەڵگە نیشتەجێیانەن لە دوایساڵی ١٩٧٥ حکومەتی عێراق دروستیکردن، بە مەبەستی نیشتەجێکردنی کوردە ڕاگوێزراوەکان تیایاندا. لە ڕاستیدا، ئەم گوندە هاوچەرخانە زۆر جیاواز بوون لە گوندە ڕەسەنەکان لە ڕووی پێکهاتە، قەبارەی خانوو، کەرەستەی بەکارهاتوو، چڕی دانیشتووان، جادە و کۆڵانەکان. هەروەها ئۆردووگاکان لە هەر قۆناغێکی ڕاگواستنی خەڵکیدا گۆڕانکاری بە سەردا هاتوە، بەجۆرێک تەنیا یەک نەخشەی ئۆردووگا یان خانوو نیە، کە بە سەر گشت ئۆردووگاکاندا بگشتێندرێت، بەڵکو ئەم ئۆردووگایانە بە چەند قۆناغێک تا ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دروستکراون، لە هەر قۆناغێکیشدا تاڕادەیەک جیاواز بووە لەوەی پێش خۆی، نەک تەنیا ئەوە، بەڵکو ئەوانەی یەک قۆناغیش جیاوازییان لە نێواندا هەبووە لە ڕووی قەبارەی خانوو، نەخشەی خانوو، قەبارەی ئۆردووگا و پانی و درێژی جادە و کۆڵانەکان.

چەمکی "ئۆردووگای زۆرەملێ" بە گشتی ئاماژەیە بۆ ئەو دامەزراوە یان شوێنانەی، کە خەڵک بە پێچەوانەی ویستی خۆیانەوە تیایاندا ڕاگیراون و ناچارن بەرگەی بارودۆخی سەختبگرن، زۆرجار لە ژێر بارودۆخی زۆرەملێ یان ستەمکارانەدا. ئەم کەمپانە لە کاتی شەڕ، ململانێ، یان ڕژێمە تۆتالیتاریەکان دروستدەکرێن و لە لایەن حکومەتەکان و هێزی سەربازی بەڕێوەدەبرێن. ئۆردووگای زۆرەملێ بە درێژایی مێژوو بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکارهێنراون و زۆرجار پەیوەندیان بە پێشێلکردنی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە (Forth, 2015).

ئۆردووگا شوێنی نیشتەجێکردنە. بەڵام شوێنی ڕاستەقینەی ژیانی ئەو خەڵکانە نیە، کە لێی نیشتجێکراون، بەڵکو هەموو ئەوانەی لێی دەژین و نیشتەجێکراون بە زۆرەملێ و ناچاریی گوێزراونەتەوە ئەوێ (Konecki, 1987). بۆیە وشەی (زۆرەملێ) دەخرێتە پاڵ ئۆردوگا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی دۆخ و شوێنەکە. بەعس بیری لە ڕاگواستنی خەڵکی گوند و شار و شارۆچکەکانی سەر سنوور کردەوە. لە ئەنجامدا، بە هەزاران گوند و شارۆچکەی کوردستانی کردە ناوچەی قەدەغەکراو و خەڵکەکەشی ڕاگواست بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکان (سەعید و عومەر، ٢٠١٩: ١٥١). ئامانجی ئۆردوگا زۆرەملێکان بە گشتی، بەپێی چوارچێوەی مێژوویی تایبەت، جیاواز بووە، بەڵام هەندێک ئامانجی هاوبەش هەن، کە ئامانجەکانی ڕژێمی بەعسیش دەچنە چوارچێوەی ئەم ئامانجانە:

**یەکەم:** زیندانیکردن و کۆنترۆڵکردن (Incarceration and Control) ئۆردوگا زۆرەملێکان بۆ ڕاگرتن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵێک کەس، کە بە نەخوازراو دادەنرێن یان وەک هەڕەشە بۆ سەر ڕژێمی دەسەڵاتدار هەستیان پێدەکرێت، بونیاتنراون (Lautmann, 1990) **دووەم:** کارپێکردنی زۆرەملێ (Forced Labor) ئۆردوگاکانی کۆکردنەوە بەکارهێنراون بۆ بەزۆر کارپێکردنی زیندانیەکانیان، کە دەیانخەنە ژێر بارودۆخی کارکردنی سەخت، زۆرجار نامرۆڤانە بۆ بەرژەوەندیی دەسەلات یان ئابووری دەوڵەت، کاریانپێکراوە (Jaskot, 2000).

**سێیەم:** فێرکردنی ئایدیۆلۆژی (Ideological Indoctrination) هەندێک لە ڕژێمەکان ئۆردووگای زۆرەملێ وەک ئامرازێک بۆ سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای خۆیان و سەرکوتکردنی ناکۆکی بەکارهێناوە. ڕەنگە زیندانیەکان تووشی پڕوپاگەندە بکرێن، مێشکیان بشۆردرێت، یان ناچاربکرێن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی ڕژێمی دەسەڵاتداردا، بگونجێن (Buggeln, 2014 & Mgbako, 2005).

**چوارەم:** جینۆساید و پاکتاوکردنی نەتەوەیی (Genocide and Ethnic Cleansing) لە توندترین بارەکاندا، ئۆردوگاکانی کۆکردنەوە وەک بەشێک لە هەڵمەتەکانی جینۆساید بەکارهێنراون بۆ لەناوبردنی سستماتیکی هەندێک گروپی نەتەوەیی، ئایینی، یان کولتووری (Salzman, 1998).

**پێنجەم:** سنووردارکردنی تواناکان (Limitation of abilities) مەبەستێکی دیکە لە دروستکردنی ئۆردووگا زۆرەملێیەکان لە کارخستن و سنووردارکردنی هەموو توانا ئابووری، کۆمەڵایەتی، لۆجستی، مەعنەویەکان و سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان بوو (مەلازادە، ٢٠١٩).

**شەشەم:** یەکێک لە ئامانجەکانی دروستکردنی ئۆردووگاکان سنووردارکردنی مافە گشتیەکانی خەڵکی ناوچە گوندنشینەکان بوو(Limiting the public rights of the people) کە لە چەند ناوچەیەکی جیاجیا و دابڕاو. خرانە ناوچەیەکی ئابڵوقەدراو و کۆنترۆڵکراو، دواتر ناوچە ڕەسەنەکانیشیان وێرانکران و بەرووبوومە کوشتوکاڵیەکانیان سوتێندران لە هەمانکاتدا، ناوچەکانیش بە قەدەغەکراو ناسێندران. ڕاگواستنی خەڵکەکە بەزۆر بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و ناچارکردنیان بۆ ژیان و گوزەرانێکی زۆر جیاواز لە ژیان و گوزەرانی سروشتی خۆیان لە ناوچەکانیاندا، وایلێکردبوون ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازی سەخت ببنەوە (هماوەندی، ٢٠٠٤).

خێڵ سێیەمین چەمکی ئەم توێژینەوەیەیە، کە پێویستە ڕوونی بکەینەوە. خێڵ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و فرەلایەنە، بە درێژایی مێژوو ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دروستبوونی کۆمەڵگەکاندا هەبووە. بە گوێرەی ئیڤانس

پریتچارد (١٩٤٠)، خێڵگەرایی، ئاماژەیە بۆ فۆرمێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بە تۆڕی خزمایەتی تایبەتمەند، کە ڕەچەڵەک و پێگەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسی و پەیوەندیە ئابووریەکان دیاریدەکەن. زۆرجار خێڵەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆنۆم کاردەکەن و لە ڕێگەی داب و نەریتی نەریتییەوە حوکمڕانی ناوخۆیی دەپارێزن (Evans- Pritchard, 1940). ئێرنست گێلنەر دەڵێت: خێڵگەرایی جۆرێکە لە ڕێکخستنی سیاسی، کە تێیدا سەرکردایەتی لە سەر بنەمای پەیوەندیی خزمایەتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دامەزراوە، نەک پێکهاتە دەوڵەتییە دامەزراوەییەکان. زۆرجار، خێڵەکان وەک ناوەندێک لە نێوان دەوڵەت و دانیشتوانی ناوخۆییدا کاردەکەن (Gellner, 1938). لە ڕوانگەی ئێتنۆگرافییەوە، خێڵەکان بە نەرمە سستەمێکی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرێن، کە هاوپەیمانی و ململانێ لە نێوان گروپەکاندا، دەسەڵاتی سیاسی و شیرازەی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات. بارت پێی وایە؛ خێڵ چەقبەستوو نیە، بەڵکو خۆیان لەگەڵ فشارە دەرەکیەکان و داینامیکی ناوخۆییدا، دەگونجێنن (Barth, 1961. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە خێڵەکان بەو گروپە کۆمەڵایەتیانە پێناسە دەکرێن، کە لە سەر بنەمای ڕەچەڵەک و داب و نەریت و پەیوەندیە خاکی(زەوی)یە هاوبەشەکان پێکهاتوون، هەروەها ناسنامەی خێڵەکی زۆرجار بە گێڕانەوەی کولتووریی و مێژوویی، بەهێزدەکرێت (Weber, 1978).

خێڵی کوردی دەرکەوتەیەکی دیاری چەمکی فراوانتری عەشایەرییە. خێڵە کوردەکان لە مێژوودا ڕۆڵێکی سەرەکیان لە دارشتنی دیمەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا هەبووە. دەیڤید ماکداوڵ خێڵی کوردی وەک سیستەمێکی پلەبەندی وەسفدەکات، کە دەسەڵات بە ئاغاکان دەدرێت زەوی و زارەکان کۆنترۆڵبکەن و نێوەندگیری ناکۆکیەکان بکەن، هەروەها لە کاتی ململانێدا، جڵەوی سەرکردایەتی بگرنەدەست. خێڵە کوردەکان بە شێوەیەکی نەریتی لە دەوری گروپە ڕەچەڵەکیە باوکسالاریەکاندا دارێژراون، کە بنەمای ناسنامەی بە کۆمەڵ و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان دابیندەکەن (McDowall, 2004).

بە گوێرەی ڤان بروینسن خێڵی کوردی تەنیا بنیاتێکی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو بنیاتێکی سیاسیشە، کاریگەری لە سەر حوکمڕانی ناوچە کوردنشینەکان هەبووە. پشت ئەستوورە بە ڕەچەڵەک و خزمایەتیەکی ڕاستەقینە، کە بنیاتێکی ناوخۆیی دیاریکراوی هەیە، زۆرجار سەرکردە خێڵەکییەکان دەسەڵاتێکی بەرچاویان بەدەستەوە بوو، دانوستانیان لەگەڵ حکومەتە ناوەندییەکان دەکرد، بەشداریان لە هاوپەیمانی نێوان هۆزەکاندا دەکرد و بەرەنگاری هەژموونی دەرەکی دەبوونەوە (محەمەد، ٢٠٠٤).

خێڵە کوردەکان لە مێژوودا بەشێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی و شوانکارییان کۆنترۆڵکردوە. چالاکیە ئابووریەکانی وەک مەڕداری، کشتوکاڵ و بازرگانی بە نۆرمەکانی خێڵەکی ڕێکدەخران و زۆرجار دەستڕاگەیشتن

بە سەرچاوەکان بە هۆی پەیوەندیی خزمایەتییەوە دیاریدەکرا (Yildiz, 2004). هەر لەم بارەیەوە، شاکر خەسباک پێی وایە، بنیاتی خێڵی کوردی جیاوازیەکی جەوهەریی هەیە لەگەڵ خێڵی عەرەبی، بڕبڕەی پشتی خێڵی عەرەبی "پەیوەندی ڕەچەڵەکە" بەڵام ئەوەی خێڵی کوردی دروستیدەکات "زەوی"یە دەشێت تیرە و بنەماڵەکان، کە بەشێکی گرنگی خێڵن، هیچ پەیوەندیەکی خوێنی و ڕەچەڵەکیان لەگەڵ یەکتردا نەبێت، بەڵام هەمویان لە ناوچەیەکی هاوبەش گوێڕایەڵی تیرەیەک یان بنەماڵەیەک دەبن (محەمەد، ٢٠٠٤). خێڵگەرایی کوردی پەیوەندیەکی نزیکی بە پێکهاتنی شوناسەوە هەیە. لە کاتێکدا ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەدان ساڵی ڕابردوودا وەک هێزێکی باڵادەست دەرکەوتوە، بەڵام پەیوەندیی خێڵەکی وەک لایەنێکی سەرەکی شوناسی تاک و دەستەجەمعی، بە تایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا، دەمێنێتەوە (Natali, 2005).

**خێڵی کوردی دوای ڕاگواستنی زۆرەملێ بۆ ئۆردووگاکان**

یەکێک لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانی ناو ئۆردووگاکانی زۆرەملێ، گۆڕانکاریە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیە دامەزراوەکانیدا. گۆڕانکاری لە پێکهاتەی خێڵ و خێزانەکان و ڕۆڵ و ناسنامەی کۆمەڵایەتیان، هەروەها گۆڕانکاری لە شێوازی پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەمەش شیرازەیەکی کۆمەڵایەتی نوێی لە ناو ئۆردووگاکاندا دروستکرد (Levi, 1989).

بارودۆخە سەختەکان و هەڕەشەی بەردەوامی دەسەڵات لە سەر ئۆردووگاکان زیاتر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی دەگۆڕێت، چونکە مانەوە پێویستی بە هەوڵی تاکەکەسی هەبوو نەک یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی (Goffman, 1961). جگە لەوەش، پەیکەری کۆمەڵایەتی لە ناو ئۆردووگاکان بە گۆڕانی پێکهاتەی خێزان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆڵی نەریتەکان گۆڕانیان بە سەردا هات. ململانێی ڕۆژانە بۆ خۆراک، شوێنی نیشتەجێبوون و سەلامەتی، جێگەی نۆرم و پراکتیزە کۆمەڵایەتیەکانی پێشوودەگرێتەوە، کە تێکچوونی یەکگرتوویی کۆمەڵگە و لاوزی پشتیوانی لە یەکتری لێ دەکەوێتەوە (Goffman, 1961).

لە کاتێکدا خێڵی کوردی ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی قووڵی هەیە، بەڵام لە بەرامبەر گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی-سیاسیەکاندا گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. چەندین هۆکار بەشداربوون لە لاوازکردن یان گونجاندنی پێکهاتە خێڵەکیە نەریتییەکان لەوانە؛ سیاسەتەکانی دەوڵەت و مۆدێرنیزاسیۆن. حکومەتە ناوەندیەکانی عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا سیاسەتێکیان جێبەجێکردوە، کە ئامانجیان لاوازکردنی پێکهاتە خێڵەکییە کوردییەکانە لە ڕێگەی پێشخستنی شارنشینی، چاکسازیی زەوی و ناوەندی سیاسی (Hassanpour, 1992). هۆکارێکی دیکە، شارنشینی و گۆڕانکاری ئابووریە. ڕاگواستنی کورد لە ناوچە گوندنشینەکانی خێڵەکییەوە بۆ

شارەکان کاریگەری سەرکردەی خێڵەکانی کەمکردۆتەوە و پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێی هێنایەئاراوە (Natali, 2005). هەروەها سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی هۆکارێکی دیکەیە، سەرهەڵدانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستیە کوردییەکان تەحەدای دڵسۆزیی خێڵەکییە نەریتییەکانی کردوە، هانی پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی فراوانتری داوە، بە سەر پەیوەندیە خێڵەکییەکاندا (Gunter, 2014). ململانێ و ڕاگواستن وەک هۆکارێک کاریگەرییان هەبووە، شەڕەکان، ڕاگواستنی زۆرەملێ و ململانێ ناوخۆییەکان، تۆڕە نەریتییەکانی خێڵەکانیان تێکداوە و بۆتە هۆی دروستبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نوێ (McDowall, 2004).

### چوارچێوەی تیۆری -Theoritical Framework

لەم توێژینەوەیەدا بۆئەوەی ڕوانینێکی گشتگیر و هەمەلایەنمان هەبێت لەبارەی باسی سەرەکی توێژینەوەکە، پشت بە دوو تیۆری جیاواز دەبەستین بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی بابەتەکە. ئەوانیش هەر یەکە **لە "تیۆری تێپەڕبوونی کۆمەڵگەی نەریتی: مۆدێرنیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تیۆری گۆڕانی کولتووری"ن.**

تیۆری دانیال لێرنەر- تێپەڕبوونی کۆمەڵگەی نەریتی: مۆدێرنیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٨دا بڵاوکرایەوە. کارەکانی لێرنەر لە سەر چۆنیەتی گواستنەوەی کۆمەڵگە نەریتییەکانە بۆ کۆمەڵگە مۆدێرنەکان. ئەم تیۆرە بە تایبەتی بەدواداچوون بۆ چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، توێژینەوەکانی لە سەر بنەمای داتا ئەزموونیەکانە، کە لە ڕێگەی ڕاپرسی و کاری مەیدانی لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆکراونەتەوە.

لێرنەر لە باسی نوێبوونەوەدا پیشاندەدات، کە کۆمەڵگەکان لە ڕێگەی قۆناغی دیاریکراوەوە لە نەریتییەوە بۆ مۆدێرن پەرەدەسێنن. ئەم پرۆسەیە بریتییە لە گۆڕینی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکان. زیادبوونی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە پێشکەوتووترەکان دەبێتە هۆی هاوشێوەکردن و وەرگرتنی پراکتیزە مۆدێرنەکان (Lerner, 1958). هەروەها بەشداریەکی ناوازەی تیۆری لێرنەر چەمکی "هاوسۆزی"یە. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە، کە "پەرەپێدانی هاوسۆزی - توانای خۆبینینی لە پێگەی ئەوانی دیکە و خەیاڵکردنی ئەگەرە جیاوازەکانی ژیان بۆ نوێبوونەوە (مۆدێرنیزاسیۆن) زۆر پێویستە. ئەم تایبەتمەندیە لە ڕێگەی شارنشینی و بەرکەوتنی میدیای جەماوەرییەوە پەروەردە دەکرێت، کە ئاسۆی تاکەکان فراوانتر دەکەن" (Lerner, 1958; Schramm, 1964). لایەنێکی دیکەی تیۆری لێرنەر **ڕۆڵی میدیای گشتیە،** لێرنەر جەخت لە سەر گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی گشتی دەکاتەوە لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا. ئەو پێشنیازی ئەوە دەکات؛ بەرکەوتنی میدیا یارمەتی تاکەکانی کۆمەڵگە نەریتییەکان دەدات بۆئەوەی ئاگاداری شێوازی ژیان و پێشهاتەکانی مۆدێرن بن، ئەمەش

ئارەزووی گۆڕانکاری پەرە پێدەدات (Lerner, 1958; Rogers, 1962). هەروەها لای لێرنەر، شارنشینی و خوێندەواری وەک بزوێنەری گرنگی مۆدێرنیزاسیۆن دەستنیشاندەکرێن. لێرنەر دەڵێت" ناوچە شارییەکان کارلێکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دابیندەکەن، خوێندەواری ڕێگە بە دەستڕاگەیشتن بە میدیای گشتی و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی نوێ دەدات، کە زیاتر پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن خێراتر دەکات (Lerner, 1958). کۆتا چەمکی تیۆرییەکە، گەشەسەندنی ئابوورییە. کە هەم هۆکارە و هەم ئاکامی مۆدێرنیزاسیۆنە. لێرنەر پێشنیازی ئەوە دەکات لەگەڵ وەرگرتنی شارەزاییە ئابوورییە مۆدێرنەکان لە کۆمەڵگەدا، بەرهەمهێنان گەشەدەکات و ئەزموون زیاددەکات. ئەمەش زیاتر پشتگیری لە مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات (Lerner, 1958; Rostow, 1960).

**تیۆری دووەم؛** تیۆری گۆڕانی کولتوورییە، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، چۆن کولتوورەکان بە تێپەڕبوونی کات لە ڕێگەی پێشکەوتنە ناوخۆییەکان و کاریگەریە دەرەکیەکانەوە دەگۆڕدرێن. ئەم تیۆرییە ئامرازێکی گەورەیە بۆ تێگەیشتن لەوەی، چۆن کارلێکەکانی نێوان گروپە جیاوازەکان، وەک دانیشتوانی ناو ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و کۆمەڵگە میواندارەکان، دەبنە هۆی گۆڕانکاری کولتووری. گۆڕانکاریە ئابوورییەکان، وەک هێنانەکایەی بازاڕی نوێ یان سیاسەتی ئابووری، دەتوانن بەها کولتوورییەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان لە قاڵببدەنەوە (Sztompka, 2008).

جگە لەوەش تیۆری گۆڕانی کولتووریی لە ڕۆڵی داینامیکی دەسەڵات و پلەبەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە پرۆسەی گۆڕینی کولتووریی، دەکۆڵێتەوە. ئەم تیۆرە وای دەبینێت کارلێکەکانی نێوان گروپە باڵادەست و ژێردەستەکان دەتوانێت ببێتە هۆی ئاسمیلەکردن، گونجاندن، یان تەنانەت بەرەنگاربوونەوەی تایبەتمەندیە کولتوورییەکان. بۆ نموونە، دانیشتوانی ناو ئۆردووگاکان، ڕەنگە نۆرم و بەها کولتوورییەکانیان بهێنن بۆ کۆمەڵگە میواندارەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵکردنی نەریتەکان (Sztompka, 2008; Berry, 1997).

بڵاوبوونەوەی کولتووریی ئاماژەیە بۆ بڵاوبوونەوەی توخمە کولتوورییەکان لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی دیکە. لە چوارچێوەی نیشتەجێبوونی دانیشتوانی ناو ئۆردوگاکانی زۆرەملێ و کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵگە میواندارەکان. یەکێک لە هۆکارە بەرچاوەکانی کارلێکی ڕۆژانەی نێوان دانیشتوانی ناو ئۆردووگاکان و کۆمەڵگە میواندارەکانە، کە دەتوانێت ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕی زمان و داب و نەریت و پراکتیزە کۆمەڵایەتیەکان. ئەم کارلێکانە زۆرجار لە بازاڕەکان، قوتابخانەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتی دیکەدا، ڕوودەدەن و خەڵکی لە پاشخانی کولتووری جیاوازەوە بە بەردەوامی بەرکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا دەبێت (Sam & Berry, 2010).

داهێنان و گونجاندن لە کاتێکدا ڕوودەدات، کە هەردوو دانیشتوانی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگەی میواندار خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێدا دەگونجێنن، لە ڕێگەی شێواز و ستراتیژیەتی نوێ وەک "ستراتیژیەکانی مانەوە"، زۆرجار دانیشتوانی ڕاگوێزراو پەرە بە پراکتیکی کولتووری نوێ دەدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژینگە نوێیەکەیان، کە دەتوانێت گۆڕانکاری لە خۆراک، جل و بەرگ و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان لەخۆبگرێت Jones & Brown, 2019). ستراتیژیەتێکی دیکە "ئاڵوگۆڕی کولتوورییە" کە کۆمەڵگە میوانداره‌کانیش دەتوانن داهێنان بکەن بە تێکەڵکردنی بیرۆکە و پراکتیزە نوێیەکانی دانیشتوانی ناو ئۆردووگاکان لەگەڵ کولتووری خۆیاندا. ڕێگەی سێیەم "گونجاندنی یەکترە"، کە هەردوو گروپەکە خۆیان لەگەڵ یەکتردا دەگونجێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی نۆرم و بەهای کولتووری نوێ، کە ڕەنگدانەوەی کۆکردنەوەی هەردوو کولتوورەکەن Adams, 2018) هەروەها پەرەسەندنی کولتووری درێژخایەن کە لە ئەنجامی کارلێکی نێوان دانیشتوانی ناو ڕاگوێزراو و دانیشتوانی خانەخوێدا دروست دەبێت، ئەم گواستنەوەیە بە چەند ڕێگە و شێوازێک دەبێت؛ (١) گواستنەوەی کولتووری نێوان نەوەکان (٢) تێکەڵاوبوونی کولتوورەکان (٣) بەردەوامی کولتووری (Taylor, 2021).

تیۆری گۆڕانی کولتووریی وەک هەندێک تیۆری دیکەی زانستی کۆمەڵایەتی یەک دامەزرێنەری نیە. بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات لە لایەن چەند زانایەکەوە پەرەی پێدراوە و کاریگەری لە سەر بووە. ئەو تیۆرەوانە سەرەکیانەی کە بەشدارییەکی بەرچاویان لە تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی کولتوورییدا کردوە بریتین لە "ئێدوارد بێرنێت تایلۆر- Edward Burnett Tylor, 1832-1917، برۆنیسلاڤ مالینۆڤسکی Bronislaw - Malinowski, 1884-1942, کلۆد لیڤی-ستراوس Claude Levi-Strauss, 1908-2009 - مارگریت, مید- Margaret Mead,1901-1978, ئەلفرێد لویس کرۆبەر- Alfred Louis Kroeber, 1878-1960 و جولیان ستیواردJulian Steward, 1902-1972

## میتۆدۆلۆژیا - Methodology

توێژینەوەی " ڕاگواستن و خێڵ "توێژینەوەیەکی چۆنایەتیە، چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو دەبێتە گونجاوترین ئامراز بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان، لەبەرئەوەی نەرمی و قووڵی، تێڕوانینەکانی تایبەت بە کۆنتێکست، بەرزکردنەوەی ئاسوودەیی بەشداربوو و هاوسەنگکردنی یەکدەنگی و گەڕان ( DiCicco-Bloom & Crabtree, 2006; Galletta, 2013). چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو گونجاوترینە بۆ ئەم توێژینەوەیە، چونکە نەرمی و قووڵی تێڕوانینەکانی تایبەت بە کۆنتێکستی پێویست پێشکەشدەکات، کە پێویستن بۆ تێگەیشتن لە دیاردە ئاڵۆزەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێ و پەیوەندی بە گۆڕانی بنیاتی کۆمەڵایەتی خێڵ.

توێژەران لیستێکی (٢٩) پرسیارییان ئامادەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی جۆری چاوپێکەتنەکەمان نیمچە ڕێکخراو بوو، بۆیە چەندێتی پرسیارەکان گۆڕانکاری بەسەردا دەهات.

دوای ڕەزامەندی و ڕێککەوتن لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە. چاوپێکەوتنەکان لە کات و شوێنی جیاواز لە ماوەی زیاتر لە یەک مانگ ئەنجامدران. بە گشتی کاتی چاوپێکەوتنەکان لە نێوان (٤٠ تاوەکو ٧٠) خولەک دابوو. هەروەها تەواوی لێتوێژراوان ئازادکران لە دەربڕینی ڕبۆچوونی خۆیان لەبارەی پرسەکە. چاوپێکەوتنەکان هەموویان تۆمارکران و دواتر بە مەبەستی شیکاری هەموویان نوسرانەوە. توێژەران بۆ دەستنوسکردنی چاوپێکەوتنەکان، سوودیان لە دەستنوسکردنی وشە بە وشەی زیرەکانە وەرگرتوە. بە واتای ئەوەی لە کاتی دەستنوسکرنی تۆمارە دەنگیەکان هەموو وشە پڕکراوەکان و وشە ناپێویستەکان و هەست دەربڕینەکانی لاداوە بێ ئەوەی واتای دەقە ڕەسەنەکە بگۆڕێت. نموونەی توێژینەوەکە ژمارەیان بیست کەس بوو، لە هەردوو ڕەگەزی نێر ( ١٣) و ڕەگەزی مێ (٧). هەموویان ئەو کەسانە بوون، کە ژیانی ئۆردووگاکانیان ئەزموون کردبوو، هەندێکیان ئێستاش لە ئۆردووگاکان نیشتەجێن. تەمەنیان لە نێوان ٤٥ بۆ ٧٣ ساڵی دایە. هەروەها ئاستی خوێندەواری جیایان تێدایە و پیشەی جیاوازیشیان تێدایە. هەموویان خێزاندارن و لە نەتەوەی کوردن. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی چاوپێکەوتن ئەوەیە کە لە کاتی دەستنیشانکردنی قەبارەی نموونە دەرفەت بە توێژەر دەدات لە چاوپێکەوتنەکان بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی زانیاریەکان دووبارەوە بوونەوە لە لایەن لێتوێژراوان.

دوای دەستنوسکردنی چاوپێکەوتنەکان، کۆدکردن بۆ بەشە هاوواتاکان کراوە، دواتر هاوگروپکردنی کۆدکراوەکان بۆئەوەی توێژەران بە ئاسانی بتوانن زانیاریە هاوواتاکان بدۆزنەوە و لە یەک تەوەرەدا شیکردنەوەیان بۆ بکەن، لە هەنگاوێکی دیکەدا پێداچوونەوە و پاڵاوتنی بابەتەکان بوو. لە کۆتایشدا خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریەکان لە ڕێگەی شیکاری بابەتی (Thematic Analysis) کە شێوازێکی چۆنایەتیە بەکاردێت بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوە و لێکدانەوەی (تەوەرەکان) لە ناو داتا دەقیەکاندا.

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریەکان – Findings

### کاریگەری ڕاگواستن لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە

لەم پاژەدا کاریگەریەکانی ڕاگواستن لە باشوری کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعس لە سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان دەخەینە بەرباس. هەروەها باس لە لێکەوتەکانی ئەم گۆڕانکاریانە دەکەین، بە تایبەتی لە پەیوەندی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان، یەکانگیری کۆمەڵایەتی و خۆڕاگری لە لایەن خەڵکی ڕاگوێزراوەوە. سەبارەت بەم ئاڵنگاریانە، تەواوی بەشداربووان پێیان وایە، ڕاگواستنی زۆرەملێ و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگاکان کاریگەری زۆری هەبووە لە سەر گۆڕینی داب و نەریت، جل و بەرگ و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان، جەختیان لەوە دەکردەوە کە *(ڕاگواستنی زۆرەملێ و ژیانی ئۆردووگاکان زۆرێک لە داب و نەریتی کولتووری ئێمەی گۆڕی. لە شاخەکانی کوردستانەوە هاتبووین، نەریتێکی بەهێزمان هەبوو کە لە گروپە خێزانیە گەورەکاندا کۆدەبووینەوە بۆ ئاهەنگگێڕان و چالاکیەکانی ڕۆژانە. داب و نەریتە کولتووریەکانمان لە نزیکەوە بەسترابووەوە بە زەوی و وەرزەکانەوە .فێستیڤاڵی دروێنە و ئاهەنگی کۆمەڵایەتی و ڕێورەسمەکانمان هەبوو کە بە نەریتی باوباپیرانمانیان دەبەستینەوە. بەڵام لە ئۆردووگاکاندا ئەم کۆبوونەوانە بچووکتر بوون و کەمتر بوونەوە، چونکە شوێنەکە سنووردار بوو و ژینگەکەش جیاواز بوو. نەریتییەکانمان، وەک لەبەرکردنی جلوبەرگی تایبەت بۆ بۆنە جیاوازەکان، کەمتر باو بوون، چونکە زیاتر جلوبەرگی شارستانیمان دەپۆشی. هەروەها هەندێک لە داب و نەریتی خۆراکەکانمان گۆڕانکاریان بە سەردا هات، چونکە دەبوو خۆمان لەگەڵ پێداویستیە بەردەستەکاندا بگونجێنین).* ئاشکرایە، ڕاگواستنی زۆرەملێ بۆ ئۆردووگاکان بە قووڵی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕێت، داینامیکی کۆمەڵایەتی دامەزراوەکان دەگۆڕێت و هەستی سەربەخۆیی تاکەکان لە شێوەگرتن دەدات. زۆرجار پلەبەندیە کۆمەڵایەتیە نەریتییەکان، تۆڕەکانی خزمایەتی و داب و نەریتە کولتووریەکان لاواز دەبن یان دەگۆڕێن، چونکە خەڵکی ڕاگوێزراو بۆ ئۆردووگا ناچار دەبن خۆیان لەگەڵ ژینگە نوێیەکاندا بگونجێنن (Chatty, 2010). گواستنەوە لە شێوازی ژیانی گوندنشین یان خێڵەکی خۆبژێوەوە بۆ شوێنی کۆنترۆڵکراو و وابەستە بە سەرچاوە

خۆماڵیەکان، ئاڵنگاری دروستدەکات و کاریگەری لە سەر پەیوەندی نێوان کەسەکان و گۆڕانی کولتووری هەیە.

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، وەک بەشێکی گرنگی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەکەونە ژێر کاریگەری ڕاگواستن و نیشتەجێبوون لە ئۆردووگاکاندا، لە زۆر باردا ڕاگواستن دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە درێژخایەنەکان. ڕەنگە ڕۆڵی کەسایەتییەکانی کۆمەڵگە، کەسایەتیە ئایینیەکان و سەرۆکی خێزانەکان کەم ببێتەوە، چونکە بڕیاردان و حوکمڕانی لە دەستی ئەواندا نامێنێت (Malkki, 1995). لەم بارەیەوە بەشێکی زۆری ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە باس لەوە دەکەن *(ڕاگواستن پەیوەندیە نەریتییەکانی لە زۆر ڕووەوە گۆڕی، چ لەناو خێزانەکان و چ لەگەڵ دەوروبەردا. لە گوندەکەماندا، پەیوەندیەکان ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان لە بەرپرسیارێتی هاوبەش و نزیکیدا هەبوو. خێزانەکان لە کێڵگەکاندا پێکەوە کاریاندەکرد، ژەمەکانیان هاوبەشدەکرد و پشتیان بە یەکتر دەبەست بۆ پشتیوانیکردنی یەکتر. دراوسێکان وەک خێزانێکی گەورە بوون -ئێمە لە کاتی دروێنەکردندا یارمەتی یەکترمان دەدا، لە کاتی فیستیڤاڵەکاندا پێکەوە ئاهەنگماندەگێڕا و لە کاتە سەختەکاندا پێکەوە دەبووین. بەڵام لە ئۆردووگادا، شوێن و پێکهاتەکەی ناچاری دەکردین پەیوەندیەکانمان بگۆڕین، بەو واتایە بوو کە زۆرێک لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان و کۆبوونەوەی نەریتیی مەحاڵبوون. لە بڕی ئەوەی بەشداری لە بۆنە کۆمەڵایەتیە گەورەکاندا بکەین، داب و نەریتەکانمان زیاتر تایبەت و ملکەچ بوون)*. ئەم گۆڕانکاریانە خەڵکی ناچارکرد خۆیان لەگەڵ داب و نەریتە نوێیەکانی کۆمەڵگەی میواندار بگونجێنن، بە جۆرێک ئەم گۆڕانکاریە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان، دەبێتە هۆی دارشتنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کە تێیدا خۆگونجاندن لەگەڵ کۆنترۆڵە بیرۆکراتیەکاندا پێویست دەبێت. لەگەڵ ئەوەش، لەدەستدانی ژینگەی گشتی هاوبەش- وەک ناوچەی کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی و

شوێنە ئایینیەکان- دەرفەتەکانی دەربڕینی کولتووری و یەکانگیری کۆمەڵایەتی، سنووردار دەکات .(Horst, 2006).

بۆ شیکردنەوەی کاریگەریەکانی ڕاگواستن لە سەر گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەپشتبەستن بە تیۆری گۆڕانی کولتووری، کە ڕوونی دەکاتەوە چۆن فشارە دەرەکیەکان- وەک ڕاگواستنی زۆرەملێ- نۆرم و ڕەفتار و دامەزراوە کۆمەڵایەتیە کولتووریەکان، دەگۆڕن. گواستنەوە لە شێوازی ژیانی گوندنشینی خۆبژێوەوە بۆ ژینگەی ئۆردووگا کۆنترۆڵکراوەکان، کاریگەریەکی بەرچاوی لە سەر داب و نەریتی کورد و داینامیکی کۆمەڵایەتی هەبوو ( Chaty, 2010). پێش ڕاگواستن، گوندەکان وەک کۆمەڵگەیەکی توند و تۆڵ کاریاندەکرد کە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە قووڵی بە یەکەوە بەسترابوون. خێزانەکان پێکەوە کاریاندەکرد، بەشداریان لە ڕێوڕەسمەکاندا دەکرد و پشتیان بە کەسایەتیە نەریتییەکان-پیاو ماقوڵ و ڕیشسپی- دەبەست بۆ حوکمڕانی. بەڵام گۆڕانکاری بۆ ژیانی ئۆردووگا ئەم شێوازە کۆمەڵایەتیانەی گۆڕی، چونکە بەرپرسیارێتی هاوبەش و کاری کۆمەڵایەتی لە شوێنێکدا کە مانەوە پەیوەست بوو بە یارمەتی دەرەکی.

یەکێک لە ئەنجامە سەرەکیەکانی چاوپێکەوتنەکان، کاڵبوونەوەی داب و نەریتە کولتووریەکانە بە هۆی ڕاگواستن. بەشداربووان باسیان لەوە کردوە, چۆن ئاهەنگە نەریتییەکان و فیستیڤاڵەکانی دروێنە و کۆبوونەوەکانی ڕۆژانە کەمبوونەوە یان بە تەواوی لەدەستچوون بە هۆی سنووردارکردنی شوێن و ژینگە. هەروەها داب و نەریتی جلوبەرگ گۆڕانکاری بە سەردا هات، خەڵک زیاتر شێوازی ژیانی شارەکانیان وەرگرت و شێوەیان پێوەگرت، چونکە جلوبەرگی نەریتی کەمتر بوو. بە هەمانشێوە، داب و نەریتەکانی پەیوەست بە خۆراک کاریگەریان لە سەر بوو، چونکە تاکە ڕاگوێزراوەکان دەبوو خۆیان لەگەڵ سەرچاوە خۆراکییە نوێیەکاندا بگونجێنن.

ئەم ئەنجامانە لەگەڵ تیۆری گۆڕانی کولتووریدا هاوتەریبن، کە جەخت لەوە دەکاتەوە، پراکتیزە کولتووریەکان لە ژێر فشارە ژینگەیی و کۆمەڵایەتیە نوێیەکاندا پەرەدەسێنن (Kibreab, 1999).

لەدەستدانی فەزای گشتی- وەک دیوەخان، سەرجۆخین، دروێنەکردن سەرکانی ، شوێنە ئاینیەکان و شوێنی کۆبوونەوە- زیاتر کاریگەری هەبوو لە تێکچوونی پێکهاتە کۆمەڵایەتیە نەریتییەکاندا. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی گشتی، کە سەردەمانێک ناوەندی ژیانی گوندی کوردی بوو، ئەمەش بووە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان (Horst, 2006). ئەمەش پشتگیری لەو ئارگیومێنتە دەکات، ڕاگواستنی زۆرەملێ نەک هەر دەستکاری پراکتیکە کولتووریەکان دەکات، بەڵکو ئەو پەیکەرە کۆمەڵایەتیە بنەڕەتیەکان لاوازدەکات، کە هۆکارن بۆ بەردەوام بوونی ئەو خەڵکە.

## کاریگەری ڕاگواستن لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێڵ و کەسایەتییەکان

لەم باسەدا بەدواداچوون بۆ ڕۆڵی سەرکردایەتیانەی سەرۆک خێڵ و ئاغا، ڕیشسپی گوندەکان، کوێخاکان، شێخ و مەلاکان دەکەین لە دوای ڕاگواستنیان بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، جەخت دەکەینەسەر شێوە و پێکهاتەی خێڵ و عەشیرەت لە ئۆردووگاکاندا.

لە بارەی ئاغاکان، کوێخاکان، شێخ و مەلاکان، پێکهاتەی خێڵ ئەوەی پێیگەیشتووین لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەکان، سێ بۆچوونی جیاواز هەیە، کە بە جیا ئاماژەیان پێدەکەین لەگەڵ خستنەڕووی گوتەی لێتوێژراوان.

لەبارەی **بۆچوونی یەکەم**: بایەخ و ڕۆڵی ئاغا و شێخ و کوێخاکان لاوازبوو بەشێکی لێتوێژراوان پێیان وایە دوای ڕاگواستنیان بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، ئاغا، بەگ، کوێخا، شێخەکان گرنگی و ڕۆڵیان نەما یان زۆر لاواز بوو، هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێڵ گۆڕا *(ڕاگواستن بۆ ئۆردووگاکان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەریتی خێڵی گۆڕی. ئەو دەسەڵاتەی لە گوندا بەدەستیانەوە بوو، لە ئۆردووگاکان کەمیکرد، کاریگەریان لە سەر ژیانی ڕۆژانە و*

*بڕیاردان زۆر کەم بووەوە).* ڕاگواستنی زۆرەملێ بۆ ئۆردووگاکان بە شێوەیەکی بەرچاو حوکمڕانی نەریتی و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کاڵکردەوە، ڕۆڵی سەرۆک خێڵ و کوێخا (سەرۆکی بنەماڵە) و شێخی تەریقەت و پیاوی ئایینی لە گوند دادەڕێژێتەوە. ئەم کەسایەتیانە کە ڕۆژێک ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە پاراستنی ڕێکوپێکی و چارەسەرکردنی ململانێکان و بەرزڕاگرتنی نەریتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان، کاریگەریەکانیان گۆڕاوە لەگەڵ گواستنەوەی کۆمەڵگاکان بۆ شوێنی ئۆردووگاکان (Turner, 2016). ئەو دەسەڵاتەی کەسایەتیە ماقوڵەکان ڕۆژێک لە ژیانی گوندەکاندا هەیانبوو، زۆرجار لە لایەن ئیدارەکانی ئۆردووگاکان و گۆڕانی پەیکەری کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ڕاگوێزراو، بەرەوڕووی بەربەست دەبنەوە (Fabos, 2020).

**بۆچوونی دووەم: ڕۆڵی کەسایەتیە ماقوڵەکان و سەرۆک عەشرەتەکان بەهێزتربوو.**

بەشێکی لێتوێژراوان باسیان لەوە کرد،، بە پێچەوانەی بۆچوونی یەکەم، پێیان وایە، ڕۆڵی کەسایەتییەکان و پێکهاتەی عەشیرەتەکان لە ئۆردووگاکان بەهێزتر بوون، ئەویش بە هۆی ئەوەی ڕژێمی بەعس، کۆمەڵێک کەسایەتی لە ناو ئۆردووگاکان بەهێز کرد لە ڕێگەی بەخشینی پلە و پۆست (سەرۆک جاش) و پارەدارکردنیان. بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی خەڵکی ئۆردووگاکان لە ڕێگەی سەرۆک عەشیرەت و سەرۆک جاشەکان، بۆ نموونە دەڵێن *(پێش ڕاگواستنمان، سەرۆکی عەشیرەت کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو، بە هۆی سەرکردایەتی و بڕیاردانیەوە ڕێزی لێدەگیرا. لە ئۆردووگاشدا ڕۆڵی زیاتر بوو، چونکە ئەمجارە جگە لە پێگەی کۆمەڵایەتی، بەعس گەورەی کردن و پارە و هێزی پێدان).*

**بۆچوونی سێیەم**، زیاتر پەیوەستە بە پیاوانی ئایینی، وەک بەشداربووان باسی دەکەن، پیاوانی ئایینی وەک مەلا و شێخی تەریقەت، لە دوای ڕاگواستنیان بۆ ئۆردووگاکان لە لایەن ڕژێمی بەعس پێگەکانیان بە گرنگی مایەوە، بەڵام ڕۆڵیان وەک پێشووتر نەما. هەر وەک شەش لە بەشداربووان ئاماژەی بۆ دەکەن، کە *(پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ئۆردووگاکان گۆڕانێکی*

*گەورەی بەسەردا هات. موختار و کوێخا زۆرێک لە دەسەڵاتەکانیان لەدەستدا، چونکە سستەمی خێڵەکی لە ئۆردوگاکەدا بە هەمانشێوەی جاران کاری نەدەکرد. شێخی تەریقەت و مەلا هێشتا ڕۆڵیان هەبوو، بەڵام کاریگەریان بچووکتر بوو)*. زیاتر دەدوێن و دەڵێن *(پیاوە ئایینیەکانی وەک شێخ و مەلا بە گرنگ مانەوە، بەڵام کاریگەریان لە لایەن دەسەڵاتەوە سنووردار بوو)*. کەسایەتییە ئایینیەکان، وەک شێخی تەریقەت و پیاوی ئایینی گوند، وەک ڕێبەرێکی ڕۆحی بەردەوامن لە کاریگەرییان، بەڵام زۆرجار دەسەڵاتیان بە هۆی لەدەستدانی دامەزراوە ئایینیەکان و سنووردارکردنی کۆبوونەوە ئایینیەکانەوە، سنووردارە (Koser, 2007). لە زۆرێک لە ئۆردووگاکاندا، ئەوان بە سەرکردایەتیکردنی گروپە بچووک و نافەرمیەکانی نوێژکردن و پێشکەشکردنی پشتگیری ئەخلاقی و دەروونی بۆ تاکەکان بۆئەوەی بگونجێن کە لەگەڵ ئالنگاری ڕاگواستن دەجەنگن (Bakewell, 2000A). لە کاتێکدا کە ڕۆڵەکانیان ڕەنگە لە هەندێک ڕووەوە کەم بێتەوە، بەڵام زۆرجار کەسایەتییە ئایینیەکان لە ناوەندی پاراستنی ناسنامەی کولتووریی، بەها ئەخلاقییەکان و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لەناو ئۆردووگاکاندا، دەمێننەوە (De Berry & Roberts, 2018).

لە ڕاستیدا خێڵ زۆر کاریگەربوو بە ڕاگواستن، دەشێ بڵێین هەموو رایەکانی سەرەوە راستن، بەڵام هەر یەکێک و بە شێوەیەکی ڕێژەیی، واتا بەپێی شوێن و کاتی ڕاگواستن هەموو ئەو رایانەی سەرەوە راستییەکیان تێدایە، چونکە لە ڕوویێکەوە ڕاگواستن خێڵی لاواز کرد و لە ڕوویێکی دیکەوە بەهێزی کردەوە. ئەوە جگە لەوەی وەکو گوتمان بەپێی قۆناغەکانی ڕاگواستن و بەپێی جۆری ڕاگواستنەکە، ئەو کاریگەریە جیاواز بووە.

کاتێک خێڵێک بە تایبەتی خێڵە گەورەکان رادەگوێزران، مەرج نەبوو هەموو خێڵەکە بۆ یەک ئوردووگا یان ئوردووگای نزیک لە یەکتر؛ تەنانەت هەندێ کات بۆ قەزاو پارێزگای جیاوازیش، رابگوێزرێن. خەڵکی باڵەکایەتیبۆ پارێزگای دهۆک و هەولێر ڕاگوێزران، لە هەولێریش

بۆ چەند ئوردووگایەک (گەڵاڵە –سۆران– حەریر، پیرزین، مەلا ئۆمەر ...)، بارزانیەکان بۆ چەند ئوردووگایەک (گوڕەتوو، سارداو، دیانا، حەریر، بەحرکە، قوشتەپە ...)، خەڵکی قەلادزێ بۆ پارێزگای هەولێر (خەبات و دارەتوو) ڕاگوێزران، دووری جوگرافی دووری لە پەیوەندیش دروست دەکات، بۆیە ئاغا لەبەر دووری شوێنی نیشتەجێکردنییان، دەسەڵاتی بەسەر خەڵکەکەدا نەدەما؛ لەلایەک و لە لایەکی دیکەوە، خەڵک بە شێکیان فەرمانبەر و بەشێک کاری سەربەخۆیان دەکرد، کە لە ڕووی ئابووریەوە تەواو سەربەخۆ بوون، ئەوەش وای دەکرد لە ئاغا و کوێخای جاران بێمنەتتر بن. بەڵام کاتێک ئاغاکان جاشەکانیان ناونوس دەکرد و خەڵک لە ترسی سەربازییکردن بۆ بەعس، ناچاردەبوون بچنەوە ژێر فەرمانی ئاغا، هەروەها لە ڕووی داراییەوە بە ئاغای گوند و موستەشاری ئۆردووگا دەبەسترانەوە، هەر خێڵە و فەوجێکی خەفیفەی چەند سەد کەسی دەبێت، هەستی خێڵایەتی بەهێز دەبێتەوە. ئاغا لە لایەکەوە موچە دەداتە چەکدارەکانی و لەلایەکی دیکەوە لە حکومەتی بەعس، تاکەکەنی دەپاراست و لەولاشەوە لە ئەنجامی ڕاگواستن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ خێڵەکانی دیکە، ڕەنگە تاک دووچاری کێشە ببوایەتەوە، کە ناچاربو بۆ دەستکەوتنی پشتیوانی ڕوو لە ئاغا و خێڵ بکاتەوە، ئەوەش وایکرد خێڵ جارێکی دیکە و بە شێوەیەک و بە میکانیزمێکی دیکە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

ئەم باسە، دەتوانرێت لە ڕێگەی چەندین چوارچێوەی تیۆرییەوە شیبکرێتەوە، بەتایبەتی تێپەڕبوونی کۆمەڵگەی نەریتی لێرنەر و پرۆسەی بەشارستانیکردنی ئیلیاس، ئەم تیۆرییانە تێڕوانینێک دەدەن کە چۆن مۆدێرنیزاسیۆن و کۆنترۆڵی دەوڵەت و ڕاگواستن پلەبەندییە کۆمەڵایەتیە درێژخایەنەکان دەگۆڕن و پێکهاتە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان دادەڕێژنەوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین:

**مۆدێرنیزاسیۆن و دابەزینی دەسەڵاتی نەریتی**

تێپەڕبوونی کۆمەڵگەی نەریتی لێرنەر بە تایبەتی پەیوەندیدارە لە ڕوونکردنەوەی ڕوانەگەی یەکەمدا- کە دەسەڵاتی موختار، کوێخا و شێخەکان لە ئۆردوگاکانی زۆرەملێدا کەم بووەتەوە. لێرنەر (١٩٥٨) باس لەوە دەکات کە لەگەڵ گواستنەوەی کۆمەڵگەکان لە پێکهاتە نەریتییەکانەوە بۆ پێکهاتە مۆدێرنەکان، فۆرمەکانی حوکمڕانی و دەسەڵاتی نەریتی لاواز دەبن، زۆرجار پێکهاتەی سیاسی ناوەندگیر جێگەیان دەگرێتەوە (Lerner, 1958). لە ڕەوشی ئۆردوگاکانی زۆرەملێدا، ڕاگواستن ئاغاکان و کوێخاکان، کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکانی لە شوێنە نەریتییەکانیان دوورخستەوە، کە دەسەڵاتەکەیان ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە خاوەندارێتی زەوی و پەیوەندی خزمایەتی و ڕێسای نەریتیدا داکوتابوو. لە ئۆردووگاکاندا، حوکمڕانی لە لایەن هێزە دەرەکییەکانی وەک ڕژێمی بەعس و دەزگا بەعسییەکان دیکەوە دەکرا، کە کۆنترۆڵی بیرۆکراتییان بەسەر سەرچاوەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکی و بڕیارداندا سەپاند (Turner, 2016 & Fabos, 2020). ئەم گۆڕانکاریانە پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کە چۆن پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن دەتوانێت پێکهاتە کۆمەڵایەتیە نەریتییەکان هەڵبوەشێننەوە و سەرکردەکانی پێشوو بەبێ ڕۆڵ و کاریگەریی نەریتی خۆیان بمێننەوە.

### کۆنترۆڵی دەوڵەت و بەهێزکردنی هەندێک سەرکردەی خێڵەکی

بەڵام ڕوانگەی دووەم کە ئەوە پیشان دەدات هەندێک لە سەرکردەی هۆزەکان دەسەڵاتیان لە ئۆردووگاکاندا بەدەستهێناوە، دەتوانرێت لە ڕێگەی تیۆریی پرۆسەی بە شارستانیکردنی ئێلیاس (١٩٣٩)ەوە ڕوون بکەینەوە. ئێلیاس باس لەوە دەکات کە چۆن دەوڵەت داینامیکی دەسەڵات شێوە دەدات بە هەڵبژاردنی هەندێک تاک یان گروپ بۆ جێبەجێکردنی کۆنترۆڵەکەی، چەسپاندنی پێکهاتەی نوێی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگە ڕاگوێزراودا. ستراتیجی ڕژێمی بەعس بۆ دانانی سەرکردەی خێڵەکان و پاداشتکردنیان بە پلە و ئیمتیازات (وەک "سەرۆک جاشەکان") نموونەیەکی کلاسیکە کە چۆن دەوڵەتەکان پلەبەندییە نەریتییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی

سیاسی دادەڕێژنەوە . دەوڵەت لەبری ئەوەی دەسەڵاتی خێڵەکی بە تەواوی هەڵبوەشێنێتەوە، هەندێک کەسایەتی وەرگرت و کردنی بە نێوەندگیری نێوان ئیدارەی ئۆردووگا و دانیشتوانی راگویزراو. ئەمەش پشتگیری لە تیۆری ئیلیاس دەکات کە پێکهاتە سیاسییە مۆدێرنەکان کاریگەرییان لە سەر پێکهاتە نەریتییەکان هەیە، مەرج نیە بە نەهێشتنیان، بەڵکو بە دووبارە دارشتنەوەیان لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتدا (Elias, 1939).

**دەسەڵاتی ئایینی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە ئۆردووگاکاندا**

ڕوانگەی سێیەم- کە کەسایەتییە ئایینیەکان لە ئۆردووگاکاندا گرنگیان پارێزراوبوو، بەڵام لە ژێر بارودۆخێکی سنووردارردا- لەگەڵ تیۆری هاوبەندی کۆمەڵایەتی (Durkheim, 1893). و لایەنەکانی تیۆری گۆڕانی کولتووریی (Redfield, Linton, & Herskovits, 1936). یەکانگیرە. تەنانەت لەگەڵ لاوازبوونی پێکهاتە خێڵەکییەکان، ئایین بەردەوام بوو لە خزمەتکردن وەک هێزێکی یەکگرتوو لە ئۆردووگاکاندا، یارمەتی تاکەکانی دا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاگواستن و لاوازیی کۆمەڵایەتی (Koser, 2007 & Bakewell, 2000B). کەسایەتییە ئایینیەکان، وەک مەلا و شێخەکانی مەزهەب، بە سەرکردایەتیکردنی گروپە بچووک و نافەرمیەکانی نوێژکردن و پێشکەشکردنی ڕینمایی، ڕۆحی خۆیان گونجاندووە، ڕۆڵێکی سەرەکیان دەگێرا لە پاراستنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و شوناسی کولتووریی. بەڵام کاریگەریەکانیان بە هۆی سنووردارکردنەکانی دەوڵەتەوە بۆ کۆبوونەوە ئایینیەکان، کەمکرایەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخاتکە چۆن دەسەڵاتە دەرەکییەکان ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگە ڕاگوێزراوەکان لە قاڵب دەدەن.

**کاریگەری ڕاگواستن لە سەر گواستنەوەی کۆمەڵگە لە نەریتییەوە بۆ مۆدێرن**

لەم تەوەرەیەدا جەخت لەوە دەکەینەوە کە چۆن ڕاگواستنی زۆرەملێ لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا بۆ ئۆردووگاکان بووە هۆی گواستنەوەیەکی زۆرەملێ لە شێوازی ژیانی نەریتی

کوردییەوە بۆ شیوازە ژیانێکی نوێ و کۆنترۆڵکراوی دەوڵەت لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا. شیکاری ئاکامە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریە درێژخایەنەکانی ئەم گواستنەوەیە دەکەین، بە لەبەرچاوگرتنی هەم لەدەستدانی پێکهاتە نەریتییەکان و هەم ستراتیجییەتەکانی گونجاندن، کە لە نێوان دانیشتوانی ڕاگوێزراودا سەریانهەڵدا.

گواستنەوەی کۆمەڵگەی ڕاگوێزراو لە نەریتییەوە بۆ مۆدێرن تێڕوانین و بۆچوونی جیاواز لەخۆ دەگرێت، لە کۆی بیست وڵامدەرەوەی پرسیارێکمان سەبارەت بە ڕاگواستن بۆ ئۆردووگا زۆرەملییەکان چۆن ڕۆڵی هەبوو لە گۆڕینی کۆمەڵگەکەمان لە نەریتییەوە بۆ مۆدێرن، حەڤدە کەسیان ڕاگواستن بۆ ئۆردووگاکان وەک بەشێک لە گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانی نەریتییەوە بۆ شێوازی ژیانی مۆدێرن دەبینن. بەڵام بەشێکی زۆریش لەمانە بە پرۆسەیەکی ئۆرگانیک یان تەواو ئەرێنی نابینن- بەڵکو پێیان وایە بە هۆی پێویستییەوە بوو، نەک هەڵبژاردن.

وەک بەشێک لە بەشداربووان دەڵێن *(بەڵێ دەتوانین ڕاگواستن بۆ ئۆردووگاکان وەک بەشێک لە گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانی تەقلیدی ئێمە بۆ شێوازی ژیانی نوێ و جیاواز ببینین. چونکە بەزۆر چوونە ناو ئۆردووگاکانی نزیک هەولێر، ئێمەی بەرەورووی جۆرە ژیانێکی نوێ و جیاواز کردەوە، بەتایبەتی لەڕووی پەروەردە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی).* ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی کورد بۆ ئۆردوگاکان لە باشوری کوردستان لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، بە یەکێک لە پەککەوتنە هەرە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە مێژووی هاوچەرخدا، نیشان دەدات. ئەم گواستنەوە بەکۆمەڵانە، کە وەک بەشێک لە سیاسەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوون ئەنجامدراون، بە شێوەیەکی سستماتیک پێکهاتە کۆمەڵایەتیە گوندنشینەکان و خێڵەکییەکانیان هەڵوەشاندەوە (Gibson, 2019). هەر سەبارەت بەم باسە، بەشێکیان پێیانوایە (*بەڵێ، لە هەندێک ڕووەوە دەتوانرێت ڕاگواستن بۆ ئۆردووگاکان وەک هۆیەک سەیر بکرێت کە کۆمەڵگاکەمانی لە نەریتییەوە بۆ مۆدێرن گۆڕی، هەرچەندە ئەم گۆڕانکاریە زۆرجار بەبێ*

*مەبەست بووە. لە ژیانی نەریتی گوندەکاندا، پەروەردە و دامەزراوەکان ڕۆڵێکی بچووکتریان هەبووە بەراورد بە کشتوکاڵ و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان).* ئەو خێزانانەی کە ڕۆژێک پشتیان بە کشتوکاڵ، شوانکاری و پەیوەندی خزمایەتی خێڵەکی بەستبوو بۆ سەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی، خۆیان لە ئۆردووگاکان بینیەوە، کە دەوڵەت ژیانی ڕۆژانەی کۆنترۆڵ کردبوون (Natali, 2005). ئەم گۆڕانکاریە بووە هۆی پرۆسەی گواستنەوەیەکی زۆرەملێ لە نەریتی بۆ مۆدێرن، بەڵام کە لەبری ئەوەی بە شێوەیەکی ئۆرگانیک ڕووبدات، بەڵکو لە ڕێگەی ڕاگواستن و کۆنترۆڵکردیان سەپێنرا. زیاتر دەدوێن *(ڕاگواستن ئەم نەریتانەی گۆڕی و ئێمەی خستە بەردەم سستەم و شێوازی ژیانی نوێ، لەوانە پەروەردەی فەرمی و ژیانی شارنشین و خوگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگە تازەکە).* ئەم گۆڕانکاریە پرۆسەیەکی نەویستراو بوو، پرۆسەیەک کە تێیدا پێکهاتە کوردییەکان دەبوو خۆیان لەگەڵ ژیانی شارستانیدا بگونجێنن لە ژێر بارودۆخی سنووردارکردن و چاودێرییەکی زۆردا (Jabar, 2001) بژین.

لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە پەیوەندی خەڵکەکە لەگەڵ داب و نەریت و کەسایەتییەکان بەشێک لە بەشداربووان ئاماژە دەکەن *(لەدەستدانی شێوازی ژیانی نەریتیمان وایکرد زۆرێک لە ئێمە هەست بکەین کە پەیوەندیمان لەگەڵ ڕەگ و ڕیشەی خۆمانەوە پچڕاوە. بەڵام ناچاربووین خۆ بگونجێنین جا هەرچۆنێک بێ، پەیوەندیەکان لەگەڵ گەورەی گوند یان ئاغا و شێخ، گۆڕان کە پێمان خۆش نەبوو بگۆڕێ بەڵام ناچار بووین).* گۆڕان لە شیوازە ژیانی نەریتییەوە بۆ مۆدێرن لە چەندین لایەنی ژیانی ناو ئۆردووگاکان ڕوویدا. پلەبەندییە کۆمەڵایەتیەکان لاواز بوون، چونکە پیرەکانی گوند و سەرکردەکانی هۆز و کەسایەتییە ئایینیەکان دەسەڵاتی نەریتیی خۆیان لەدەستدا، کە لە شوێنیدا کارگێڕانی دەستنیشانکراوی دەوڵەت و کۆنترۆڵە بیرۆکراسیەکان جێگیرکرا (Stansfield, 2003).

لە ڕووی کولتوورییەوە، ڕاگواستن داب و نەریتی کوردی گۆڕی، بەو پێیەی سنووردارکردنی جووڵە و چاودێری و بەرکەوتن بە کاریگەرییەکانی شار، بەکارهێنانی زمان و جل و بەرگ و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانی گۆڕی (Ghareeb, 1981). وەک لێتوێژراوان دەڵێن (*تێکەڵبوونی خەڵک لە ڕووی کولتوور و داب و نەریتەکان شێوە ژیانێکی دیکەی دروستکرد. ئەم گۆڕانکاریانە دەوریان هەبوو لە گواستنەوە لە ژیانی نەریتییەوە بەرەو شێوازی ژیانی نوێ).* چڕبوونەوەی زۆرەملێی گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئۆردوگاکان لە هەمان فەزای داخراودا، گۆڕانی لە داینامیکی کۆمەڵگەدا دروستکردوە و بوەتە هۆی تێکچوونی پێکهاتە خێڵەکییەکان و دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی نوێ، کە ژیانی ئۆردووگاکانی لە قاڵب دا (Jok, 2001). لە لایەکی دیکەوە، ئەو خێزانانەی بۆ چەندین نەوە لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییە خۆبەڕێوەبەرەکاندا ژیاون، بە زۆر گواسترانەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی کۆنترۆڵکراو، کە شێوازەکانی ژیانی نەریتی بە پێکهاتەیەکی ڕەق و سەپێنراو لە لایەن دەوڵەتەوە جێگیرکران و، چالاکیە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی سەپێندران (Jongerden, 2007). لەم بارەیەوە چەند بەشداربوویەک دەڵێن *(لە گوندەکەماندا بۆ ژیان پشتمان بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ دەبەست، پەروەردە و خوێندنی منداڵەکانمان کاری پێشینە نەبوون، چونکە ئێمە سەرنجمان بەرهەمەکان بوو کە بەسترابوو بە شێوازی ژیانمانەوە).*

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەشێکی کەمی لێتوێژراوان پێیان وایە هەرگیز ناتوانن ڕاگواستنی زۆرەملێی خەڵکی کوردستان بۆ ئۆردووگاکان و گۆڕانکاری زۆرەملێ لە داب و نەریت و پەیوەندیەکان و شێوازی ژیان بە گۆڕانی کۆمەڵگە لە نەریتییەوە بۆ مۆدێرن سەیر بکەن، چونکە ئەم گۆڕانانە بە ناچاری و زۆرەملێ بوون؛ لە پێناو مانەوە لە ژیان نەک گۆڕانێکی ویستراو و هەوڵ بۆ دراو. بۆ نموونە ئەو کەمینە لە نموونەی توێژینەوەکەمان دەڵێن *(نەخێر، من*

*ناڵێم ڕاگواستن بۆ ئۆردووگاکان کۆمەڵگای ئێمەی لە تەقلیدییەوە گۆڕی بۆ مۆدێرن .چونکە ئەگەر شتێک هەبێ، شێوازی ژیانی ئێمەیان تێکدا و ئێمەیان لە دۆخێکی نالەبار بەجێهێشت نەک پێشکەوتن .لە گوندەکانماندا داب و نەریتمان هەبوو کە جوانیان بە ژیانمان دەبەخشی و هەرچەندە ڕەنگە نەریتیی دەرکەون، بەڵام دەوڵەمەند و واتادار بوون .ئۆردووگاکان ئەو نەریتانەیان لێ زەوت کردین بێ ئەوەی هیچ شتێکی باشتر بێتە شوێنی ئەوان).* ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە بەشێک لە راگویزراوان بە ئەندازەیەک پەیوەست بوونە بە داب و نەریت و شێوە ژیانی گوند، بۆیە هەر گۆڕانکاریەک لەو شێوە ژیانەیان بە لادان لە داب و نەریت و پێکهاتە خێڵەکیەکەیان تێگەیشتوون، بۆیە بە پێشەکەوتن سەیری ناکەن. یەکێکی دیکە دەڵێت *(من بە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا نیم کە ڕاگواستن بۆ ئۆردووگاکان و گۆڕانکاری وەک ژیانێکی نوێ سەیر بکرێت، چونکە پێشکەوتن واتا باشتربوونی کوالیتی ژیان، بەڵام ئەوەی لە ئۆردووگاکان ئەزموونمان کرد، تەواو پێچەوانە بوو .بەڵکو لەناوچوون بوو نەک گەشەپێدان).*

پێشکەوتنی ڕاستەقینە واتای باشتربوونی کوالیتی ژیانە نەک تێکچوونی ئازادییە سەرەتاییەکان و سەقامگیری. ئەوان پێیان وایە، تاکەکانی ڕاگوێزراو ئەزموونی پێشکەوتنیان نەکرد، بەڵکو لەدەستدانی ئۆتۆنۆمی و ناسنامەی کولتووریی و سەربەخۆیی ئابوورییان ئەزموون کرد. پێکهاتە کۆمەڵایەتیە نەریتییەکان پەککەوتن، خێزانەکان ناچاربوون وابەستەی هاوکاری و کۆنترۆڵی دەوڵەت بن، توانای بەردەوامبوونی خۆیان و پشت بەستن بە خۆیان لێسەندرایەوە وەک ئەوەی ڕۆژێک لە گوندەکانیاندا هەیانبوو. بارودۆخی سەخت و نەبوونی دەرفەت و زەبر و زەنگی دەروونیی ڕاگواستن، ڕێڕەوێکی بۆ گەشەکردن دروست نەکرد، بەڵکو لەبری ئەوە ئازار و پەراوێزخستنی قووڵترکردەوە. لە کاتێکدا خۆگونجاندن پێویست بوو بۆ مانەوە، بەڵام نیشانەی پێشکەوتن نەبوو؛ ئەوە خۆگونجاندنێکی زۆرەملێ بوو.

بەکارهێنانی چوارچێوەی تیۆریی پەیوەندیدار بۆ ئەم ئەزموونە مێژووییە یارمەتیدەرمانە بۆئەوەی لە ئاڵۆزییەکانی ئەم پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنە زۆرەملێیە تێبگەین. لە تیۆرییە پەیوەندیدارەکان بریتین لە " تێپەڕبوونی کۆمەڵگەی نەریتی" (١٩٥٨)ی دانیال لێرنەر و تیۆری گۆڕانی کولتووریی. هەریەکەیان تێڕوانینێک دەخەنە ڕوو کە چۆن ڕاگواستن کاریگەری لە سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کورد، شوناسی کولتووریی و پەیوەندیەکانی ناو ئۆردووگاکان هەبووە.

"تێپەڕینی کۆمەڵگەی نەریتی" (١٩٥٨)ی دانیال لێرنەر، بەرچاوڕوونیەک پێشکەش دەکات کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین گۆڕانی کۆمەڵگەی کوردی لە ئۆردوگاکانی زۆرەملێدا شیبکەینەوە. لێرنەر دەڵێت مۆدێرنیزاسیۆن کاتێک ڕوودەدات کە کۆمەڵگەی نەریتی و کشتوکاڵییەکان لە ڕێگەی بەرکەوتن بە دامەزراوە مۆدێرنەکانی وەک پەروەردەی فەرمی، پەیوەندیە جەماوەرییەکان و حوکمڕانی دەوڵەت دەگوازرێنەوە بۆ ئابووریە شارنشینەکان (Lerner, 1958). بەڵام لەم حاڵەتەدا مۆدێرنیزاسیۆن سەپێندرا نەک بە شێوەیەکی ئۆرگانیک ڕوویدات.

وەک ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژەی پێدەکەن، حەڤدە لە کۆی بیست وەڵامدەرەوە دانیان بەوەدا ناوە کە ڕاگواستن ناچاری کردوون بچنە ناو شێوازێکی ژیانی مۆدێرنەوە، هەرچەندە ئەو شێوازە ژیانە نوێیە بژاردەی خۆیان نەبووە. پێش ڕاگواستن، گوندنشینە کوردییەکان خەریکی کشتوکاڵ بوون هەروەها سەرکردایەتی خێڵەکی و نەریتی زارەکی باو بوون. بەڵام کاتێک لە ئۆردووگاکانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا قەتیس بوون، بەرکەوتەی حوکمڕانی ناوەندی، پەروەردەی فەرمی و سستەمی بیرۆکراتی بوون کە لە بنەڕەتدا شێوازی ژیانیانی گۆڕی (Natali, 2005). ئەم گواستنەوەیە ڕەنگدانەوەی ئەو ئارگیومێنتەی لێرنەرە کە مۆدێرنیزاسیۆن سەرکردایەتی خێڵەکی بە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەگۆڕێت و ئابووری لە خۆبژێوییەوە دەگۆڕێت بۆ وابەستەیی بە سستەمێکی ڕێکخراو. بەڵام لە کاتێکدا هەندێک توخمەکانی مۆدێرنیزاسیۆن، وەک زیادبوونی خوێندەواری و بەرکەوتن بە کولتووری شارەکان،

ناسێنران، زۆرێک لە وەڵامدەرەوەکان جەختیان لەوە کردەوە کە ئەم گۆڕانکاریە، پێشکەوتن نیە، بەڵکو زۆرەملێ بووە.

**تیۆری گۆڕانی کولتووری** یارمەتیدەرە بۆئەوەی ڕوون بکرێتەوە کە چۆن کۆمەڵگە ڕاگوێزراوەکان خۆیان لەگەڵ ژینگە نوێیەکاندا دەگونجێنن بە دەستکاریکردنی نەریتەکان، وەرگرتنی داب و نەریتی نوێ، یان بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکاری. لە دۆسیەی ڕاگویزراوی کورددا، گونجانی کولتووریی بە شێوەیەکی نایەکسان ڕوویدا.

یەکێک لە لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی گۆڕانی کولتووریی زمان و کارلێکی ڕۆژانە بوو. وەک وەڵامدەرەوەکان ئاماژەیان پێکردوە، بەرکەوتن بە کۆمەڵگەی خانەخوێ و کارلێککردن لەگەڵ گروپە ڕاگویزراوەکانی ناوچەکانی دیکە، بووە هۆی تێکەڵبوونی دیالێکتەکان ، گۆڕینی زاراوە کوردییەکان (Gharib, 1981). هەروەها شێوازی جلوبەرگ و پراکتیزە ئایینیەکان و تەنانەت ئەتەکێتی کۆمەڵایەتیش بە هۆی کاریگەری ژینگە شارنشینەکان و بەرکەوتن بە پێکهاتە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان، گۆڕانیان بەسەردا هات. هەندێک لە ڕاگوێزراوە گەنجەکانی ئۆردووگاکان خێراتر خۆیان گونجاند، پەروەردە و داب و نەریتی نوێیان لە باوەشگرت، لە کاتێکدا نەوە کۆنەکان خەباتیان دەکرد بۆ پاراستنی نەریتەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، مەرج نیە گونجاندن بە واتای قبوڵکردن بێت. زۆرێک لە بەشداربووان وەک زیانێک لە ڕاگواستنی زۆرەملێیان دەڕوانی، نەک وەک پێشکەوتن. وەک یەکێک لە وەڵامدەرەوەکان ڕایگەیاندوە، "ئۆردووگاکان ئەو نەریتانەیان لێ زەوت کردین بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی باشتر جێگەیان بگرێتەوە." ئەمەش لەگەڵ ئەو بنەمایەی تیۆری گۆڕانکاری کولتووریدا هاوتەریبە، کە گۆڕانکاریە کولتووریە زۆرەملێکان بەرخودان دروستدەکەن، بە تایبەت کاتێک گۆڕانکاریەکان وەک سەپێنراو هەستیان پێدەکرێت نەک وەک بژاردە.

**ئەنجامگیری**

گۆڕانی پێکهاتە خێڵەکییەکان و سەرهەڵدانی کۆنترۆڵی بیرۆکراتی یەکێک لەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانە بوو بە هۆی ڕاگواستنی زۆرەملێوە هاتەئاراوە، لاوازبوونی حوکمڕانی خێڵەکی کوردی و گۆڕینی سەرکردایەتی نەریتی بە ئیدارەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت بوو یان تەریب پێکەوە. لە گوندی کوردیدا دەسەڵات لە ڕێگەی سستەمێکی قووڵی ڕیشەداکوتراو، کە پێکهاتبوو لە سەرۆکی خێڵ، کوێخاکان و بنەماڵە شێخەکان و خاوەن زەوییەکان، کاری خۆیان دەکرد.

ئەم سستەمە خێڵەکییە هەستێکی بەهێزی خۆبەڕێوەبەری و ئۆتۆنۆمی بە کۆمەڵگەی کوردی بەخشیبوو، بەو پێیەی خەڵک پشتیان بە سەرکردەکان و تۆڕی خزمایەتی و یاسای زارەکی و عورفی خۆیان دەبەست، نەک دامەزراوەی فەرمی دەوڵەت. بەڵام کاتێک گوندەکان وێران بوون و خەڵک بە زۆر خرایە ناو ئۆردووگاکان، ئەم پێکهاتە نەریتیانە دەسەڵاتیان لەدەستدا. دەسەڵاتدارانی ئۆردووگا و بەرپرسانی دەوڵەت جێگای حوکمڕانی خۆجێییان گرتەوە و دانیشتوانی کوردیان وابەستە بە سستەمی بیرۆکراسی کرد، نەک سەرکردایەتی خۆیان. چیدی دەسەڵاتی یەکەم لە ئوردووگا ئاغا نەبوو، بەڵکو زۆربەی کاتەکان ئاغا ئەو کەسە بوو، کە دەبوو لای دەسەڵات (دامەزراوەکانی بەعس) واسیتە بۆ خەڵکی خۆی بکات. ئەم گۆڕانکاریە لەگەڵ پرۆسەی بەشارستانیبوونی نۆربێرت ئیلیاسدا هاوتەریبە، کە دەڵێت، لەگەڵ مۆدێرنبوونی کۆمەڵگەکان، دەسەڵاتی کەسی و لامەرکەزی بە دامەزراوەکانی دەوڵەت و حوکمڕانی بیرۆکراتی دەگۆڕدرێتەوە. دانیشتوانی کورد، کە پێشتر لە ڕێگەی دەسەڵاتی خێڵەکییەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاریاندەکرد، ئەوکات کەوتبوونە ژێر چاودێری سەربازی و دابەشکردنی خۆراکی ناوەندی و سیاسەتەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە.

بۆ زۆرێک لە ڕاگوێزراوان، ئەم لەدەستدانی خۆبەڕێوەبەریە بە قووڵی زەبربەخش بوو، چونکە نوێنەرایەتی نەک تەنها گۆڕانکاریەکی سیاسی دەکرد، بەڵکو نوێنەرایەتی گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە ناسنامە و پێکهاتەکانی دەسەڵاتدا دەکرد. بەڵام بۆ نەوە گەنجەکان، گەورەبوون لە

سستەمی ئۆردووگادا بەو واتایە بوو، کە زیاتر ئاشنا بوون بە دامەزراوە مۆدێرنەکانی دەوڵەت، فێربوون چۆن ڕێکارەکانی بیرۆکراسی و سستەمی یاسایی و حوکمڕانی فەرمی بەڕێوەببەن.

### مۆدێرنیزاسیۆنێکی زۆرەملێ و نایەکسان

ئەزموونی کورد لە ڕاگواستنی زۆرەملێدا ئەوە نیشان دەدات، کە مۆدێرنیزاسیۆن هەمیشە وەک پرۆسەیەکی خۆبەخشانە و پێشکەوتنخوازانە ڕوونادات، بەڵکو دەتوانرێت لە ڕێگەی سەختی و زۆرەملێ و ستراتیژی مانەوە، بسەپێندرێت.

- حوکمڕانی لە سەرکردایەتی خێڵەکییەوە گۆڕا بۆ کۆنترۆڵی دەوڵەتی بیرۆکراتی.
- ئابووری لە کشتوکاڵەوە گۆڕا بۆ کاری کرێ و بازرگانی شار.
- نەریتە کولتوورییەکان لاوازبوون و ململانێی ناسنامەی لێکەوتەوە.

لە کاتێکدا بەشێک لە کوردەکان بە سەرکەوتوویی خۆیان لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە نوێیەکاندا گونجاند، هەندێکی دیکەیان لەگەڵ لەدەستدانی ئۆتۆنۆمی و کولتوور و میراتدا خەباتیان دەکرد. مۆدێرنیزاسیۆن ڕوویدا، بەڵام بە ناهاوسەنگی و بێ بەرنامە.

### لیستی سەرچاوەکان


سالح، عومەر هەمزە (٢٠١٧). *جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دژی بارزانییەکان لە (١٩٧٥-١٩٩١) لە زمانی شایەتحاڵ و بەڵگەنامەکانەوە*. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سەعید، محەمەد حەحمەد و عومەر، مەهدی فاتیح (٢٠١٩). ئەنفال: شوناس و ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاویشتەکانی. *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ژمارە ٦.

عەبدوڵا، ڕێبوار ڕەمەزان (٢٠٠٩). *ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا*. چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

محەمەد، مراد حەکیم (٢٠٠٤). *ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا*. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

مستەفا، سۆزان کەریم (٢٠٠٧). *بەعسیزم و کورد*. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
مینە، ئەمین قادر (٢٠١٢). *ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان*. ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.
مەلازادە، ئیبراهیم سادیق (٢٠١٩). پرۆسەی ڕاگواستن لە چوارچێوەی هێرشی بەشارستانی کردندا، دۆڵی ڕۆست وەکو نمونە. *گۆڤاری زانکۆی دهۆک*، ژمارە ١، ٢٢.
هماوەندی، د. محمد (٢٠٠٤). *ڕاگواستنی کورد و زامدارکردنی دیموکراتیەت لە کوردستان*. چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی هەماوەند بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، کەرکوک-لەندەن.

Adams, J., (2018) *Cultural Adaptation and Innovation: A Comparative Study*. Cambridge: Cambridge University Press.

Bakewell, O. (2000A). *Repatriation and Self-Settled Refugees in Zambia: Bringing Solutions to the Wrong Problems.* Journal of Refugee Studies, 13(4), 356-373.

Bakewell, O. (2000B) "Repatriation and Self-settled Refugees in Africa: Examining the Debate." *Refugee Studies Quarterly*, 19(1), pp.1-20.

Barth, F. (1961). *Nomads of South Persia: The Basseri Tribe of the Khamseh Confederacy*. Little, Brown and Company.

Berry, J. W. (1997). Immigration, acculturation, and adaptation. *Applied Psychology: An International Review, 46*(1), 5-34

Betts, A., Bloom, L., Kaplan, J. D., & Omata, N. (2017). *Refugee economies: Forced displacement and development*. Oxford University Press.

Braun, V., & Clarke, V. (2006). Using thematic analysis in psychology. *Qualitative Research in Psychology*, 3(2), 77-101.

Buggeln, Marc (2014). *Slave Labor in Nazi Concentration Camps*. OUP Oxford.
Chatty, D., 2010. *Displacement and Dispossession in the Modern Middle East.* Cambridge: Cambridge University Press.

De Berry, J.P. and Roberts, A. (2018). Social cohesion and forced displacement: A desk review to inform programming and project design. *The World Bank: Washington DC*.

DiCicco-Bloom, B., & Crabtree, B. F. (2006). The qualitative research interview. *Medical Education*, 40(4), 314-321.

Durkheim, E. (1893). *The Division of Labor in Society.* Macmillan.

Elias, N. (1939). *The Civilizing Process: Sociogenetic and Psychogenetic Investigations*. Blackwell Publishing.

Evans-Pritchard, E. E. (1940). *The Nuer: A Description of the Modes of Livelihood and Political Institutions of a Nilotic People*. Oxford University Press

Fabos, A. (2020). *Refugees in Middle Eastern Cities: Spaces of Integration or Marginalization?* Forced Migration Review, 63, 22-24.

Fawcett, J. & Tanner, V. (2002), 'The Internally Displaced People of Iraq', *Brookings*

Flick, U. (2014). *An Introduction to Qualitative Research* (5th ed.). Sage Publications.

*Forth, Aidan (2015). Britain's* Archipelago of Camps: Labor and Detention in a Liberal Empire, 1871–1903. *Kritika: Explorations in Russian and Eurasian History,* 16(3), 651-680.

Fowler, F. J. (2009). *Survey Research Methods*. Sage Publications.

Galletta, A. (2013). *Mastering the Semi-Structured Interview and Beyond: From Research Design to Analysis and Publication*. NYU Press.

Gellner, E. (1983). *Nations and Nationalism*. Cornell University Press.

Ghareeb, E., 1981. *The Kurdish Question in Iraq*. Syracuse: Syracuse University Press.

Gibson, L., 2019. *Displacement, Violence, and Identity in the Middle East.* Oxford: Oxford University Press.
Global IDP (2002). Profile of internal displacement: Iraq. Norwegian Refugee Council, Geneva – Switzerland
Goffman, E. (1961). *Asylums: Essays on the Social Situation of Mental Patients and Other Inmates*. Garden City: Anchor Books.

Gunter, M. (2014). *The Kurds: A Modern History*. Markus Wiener Publishers.

Hassanpour, A., 1992. *Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985.* San Francisco: Mellen Research University Press.
Horst, C., 2006. "Transnational Nomads: How Somalis Cope with Refugee Life in the Dadaab Camps of Kenya." *Refugee Studies Quarterly*, 25(3), pp.312-329.
IOM Iraq. (2013). Internal Displacement in Iraq: Barriers to Integration. In *IDMC*.
Jabar, F.A., 2001. *The Shi'ite Movement in Iraq and the Politics of Identity.* London: Saqi Books.
Jaskot, Paul B (2002). *The architecture of oppression: the SS, forced labor and the Nazi monumental building economy*. Routledge.
Jok, J.M., 2001. *War and Slavery in Sudan.* Philadelphia: University of Pennsylvania Press.

Jones, T. & Brown, R., 2019. Survival Strategies in Displaced Populations. Oxford: Oxford University Press

Jongerden, J., 2007. *The Settlement Issue in Turkey and the Kurds: An Analysis of Spatial Policies, Modernity, and War.* Leiden: Brill.
Kibreab, G., 1999. "Revisiting the Debate on People, Place, Identity and Displacement." *Journal of Refugee Studies*, 12(4), pp.384-410.
Konecki, Krzysztof (1987). *"Re-definitions of Self in Concentration Camps."*

Koser, K. (2007). *International Migration: A Very Short Introduction.* Oxford University Press.

Lautmann, Rüdiger (1990). Categorization in Concentration Camps as a Collective Fate: A Comparison of Homosexuals, Jehovah's Winesses and Political Prisoners." *Journal of homosexuality* 19, no. 1, 67-88.

Lerner, D. (1958). *The Passing of Traditional Society: Modernizing the Middle East.* Free Press.

Levi, Trude (2005). The Camps Today, The Liberation of the Death and Concentration Camps, Europe, June 1944 – May 1945. *Allied troops witness the horror of genocide, (9).*

Malkki, L., 1995. *Purity and Exile: Violence, Memory, and National Cosmology among Hutu Refugees in Tanzania.* Chicago: University of Chicago Press.

Maxwell, J. A. (2013). *Qualitative Research Design: An Interactive Approach* (3rd ed.). Sage Publications.

McDowall, D., 2004. *A Modern History of the Kurds.* London: I.B. Tauris.

Mgbako, Chi (2005). Ingando solidarity camps: Reconciliation and political indoctrination in post-genocide Rwanda." *Harv. Hum Rts. J.* 18, 201.

Natali, D., 2005. *The Kurdish Quasi-State: Development and Dependency in Post-Gulf War Iraq.* Syracuse: Syracuse University Press.

Patton, M. Q. (2002). *Qualitative Research & Evaluation Methods* (3rd ed.). Sage Publications.

Redfield, R., Linton, R., & Herskovits, M. J. (1936). *Cultural Change.* American Anthropologist, 38(1), 1-21.

Romano, D., 2006. *The Kurdish Nationalist Movement: Opportunity, Mobilization, and Identity.* Cambridge: Cambridge University Press.

Rostow, W. W. (1960). *The Stages of Economic Growth: A Non-Communist Manifesto*. Cambridge University Press.

Rubin, H. J., & Rubin, I. S. (2011). *Qualitative Interviewing: The Art of Hearing Data* (3rd ed.). Sage Publications.

salzman, P. C. (1998). *The anthropology of real life: Events in human experience*. Waveland Press.

Sam, D.L., & Berry, J.W. (2010). *The Cambridge Handbook of Acculturation Psychology*. Cambridge: Cambridge University Press

Schramm, W. (1964). *Mass Media and National Development: The Role of Information in the Developing Countries*. Stanford University Press.

Silverman, D. (2015). *Interpreting Qualitative Data* (5th ed.). Sage Publications.

Smith, J. A. (2015). *Qualitative Psychology: A Practical Guide to Research Methods* (3rd ed.). Sage Publications.

Stansfield, G., 2003. *Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy.* London: Routledge.

Sztompka, P. (2008). *The Sociology of Social Change*. Oxford: Wiley-Blackwell.

Taylor, S., 2021. *Sustainability of Cultural Practices*. Sydney: University of Sydney Press.

Thibos, C. (2014). 35 years of forced displacement in Iraq: contextualizing the ISIS threat, unpacking the movements.

Tracy, S. J. (2013). *Qualitative Research Methods: Collecting Evidence, Crafting Analysis, Communicating Impact*. Wiley-Blackwell.

Trochim, W. M. K. (2006). *Research Methods Knowledge Base*. Atomic Dog Publishing.

Turner, S. (2016). *What Is a Refugee Camp? Explorations of the Limits and Effects of the Camp.* Journal of Refugee Studies, 29(2), 139-148.

UNHCR, 2022. *Global Trends: Forced Displacement in 2022*. Available at: https://www.unhcr.org [Accessed 5 Feb. 2025].

Weber, M. (1978). *Economy and Society: An Outline of Interpretive Sociology*. University of California Press.

Worldwide, C. (2018). Conflict and Displacement: Voices of displacement and return in Central African Republic's neglected crisis.

Yildiz, K. (2004). *The Kurds in Iraq: The Past, Present, and Future*. Pluto Press.

Creswell, J. W., & Creswell, J. D. (2017). *Research Design: Qualitative, Quantitative, and Mixed Methods Approaches*. Sage Publications.

Kvale, S., & Brinkmann, S. (2009). *InterViews: Learning the Craft of Qualitative Research Interviewing*. Sage Publications

**الترحيل والقبيلة في جنوب كوردستان: دراسة إجتماعية عن تأثيرات الترحيل على البنية القبلية**

الملخص

الترحيل القسري له علاقة بتغير البنية الإجتماعية للقبيلة، وكان له دورا بارزا في إعادة تشكيل البنية الإجتماعية للقبيلة في جنوب كوردستان. تقوم الدراسة بمتابعة النتائج بعيدة المدى لتغيرات القبيلة الكوردية إثر ترحيل القرى. في حين كان الهدف الاساسي من الترحيل القسري هو تعزيز سلطة وهيمنة الدولة ومسح الهوية الكوردية، فقد تمخضت عن تغيرات اجتماعية واقتصادية. الهدف الرئيسي من الدراسة هو كشف وتحليل تأثيرات ترحيل أهالي كوردستان (١٩٧٦ – ١٩٩١) على تغير بنية القبيلة الكوردية. لغرض جمع البيانات، اعتمدت الدراسة المقابلة شبه المقننة والتي تندرج ضمن المنهج الكيفي، ولتحليل النتائج تم اعتماد نظريتي تحول المجتمع التقليدي ونظرية التغير الثقافي، بينت نتائج الدراسة ان الترحيل كان من أحد الأسباب الرئيسية في تغير البنية الإجتماعية للقبيلة في جنوب كوردستان.

الكلمات المفتاحية: ا الترحيل ، القبيلة، التغيير الاجتماعي، التحديث.